# سێ کورتەچیرۆک
# بۆ مێردمنداڵان

گەلاوێژ

# سێ کورتەچیرۆک بۆ مێردمنداڵان

نووسینی: گەلاوێژ

سێ کورتەچیرۆک
نووسینی: گەلاوێژ
بابەت: چیرۆک
بەرگ: بازیان جەلال
وێنەی بەرگ و هێڵکاری: گۆران ئەحمەد
چاپ: چاپی نوێ /سلێمانی ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی (١٤٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ

پێشکەشە:

بە خونچە گوڵەکانی هەمیشە بەهار و
نەمامەکانی تازەپشکتوو

بە منداڵە شیرین و خۆشەویستەکان

# پێشەکی

لە ئەوروپا و وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان زۆر گوێ دەدرێتە کتێب و گۆڤاری منداڵان، بگرە لە تەمەنی شەش-حەوت ساڵییەوە منداڵ دەتوانێت بچێتە کتێبخانەکان تاوەکو کتێب و گۆڤار و کەلوپەلی خوێندنەوە و نووسین بە دڵی خۆی و بەپێی تەمەنی خۆی بکڕێت.

لە شوێنی کتێبفرۆشتن پڕفرۆشترین کتێب کتێبی منداڵانەیە، چونکە گوێدان بە خوێندنەوەی کتێب نیشانەی زیرەکی و لێهاتووییە، ئەو تەمەنە بچووکانە بە خوێندنەوەی ئەو نووسین و کتێبە جۆراوجۆرانە مێشکیان دەکرێتەوە و شارەزایی زۆر پەیدا دەکەن کاتێک گەورە دەبن.

بۆیە منیش حەزم کرد ئەم جارە ئەم چیرۆکەتان بۆ بنووسم و بیرم لەوە کردەوە بۆچی من هەر دەبێت چیرۆک و ڕۆمان بۆ گەورە

بنووسم؟ ئەی بۆچی شتێکیش بۆ مێرمنداڵە شیرینەکانیش نەنووسم؟ ئەگەرچی ئەم چیرۆکە لەسەری نووسراوە کە چیرۆکی مێرمنداڵانە و بۆ ئەوانم نووسیوە، بەڵام دیارە بۆ ئەو تەمەنانە نووسراوە کە بتوانێت کتێب بخوێنێتەوە.

به هیوام ئەم لاپەڕانەتان لا خۆش بێت و دەمێک لەگەڵ پاڵەوانەکانی بچنە ناو ڕووداوەکانیەوە و بە خەیاڵ تێکەڵیان بن، ئیتر خواتان لەگەڵ و هیوام هەیە هەمیشە لە سەرکەوتوو بن و کوردستانی ڕەنگین بە دیمەن و بۆنتان جوانتر بکەن.

به ئومێدی پێشکەشکردنی بەرهەمی تریشم بۆ ئێوەی ئازیز و خۆشەویست.

**گەلاوێژ**

# چیرۆکی لولو

لە یەکێک لە گەڕەکە خۆشە دڵگیرەکانی شاری کەرکووکی دڵی کورد، چەند خانوو و ماڵێکی نزیک و دوور لە یەک و قەرەباڵغ و چڕوپڕ هەبوون لە ڕووی خێزان و منداڵ و کچ و کوڕی گەورە و بچووکی زۆرەوە، کە هەندێک لەو منداڵانە پێکەوە دەچوونە یەک قوتابخانە، هیی گەورەتریش لە پلەی خۆیان کە بریتیبوون لە قوتابخانەی ناوەندی و هەندێک کوڕ و کچی تریش دەچوونە دواناوەندی و پاشتر کۆلێژ و زانکۆ.

تێکڕا هەموو ئەو قوتابی و دایک و باوک و گەورانە، هەر کەسە خەریکی ئیش و فەرمانی سەرشانی خۆیان بوون، دایک و باوک خەریکی ئیشوکار و کاسبی و مشورخواردن و بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵە خۆشەویستەکانیان بوون. هەروەها دایکە دڵسۆزەکانیش، ئەوانیش جاری وا هەبوو کاریان دەکرد لە دەرەوەی ماڵ، واتە یان مامۆستا بوون لە قوتابخانەکان، یاخود فەرمانبەر بوون لە شوێنانی وەک فەرمانگەی حکومەت، خەستەخانەکان یان کۆمپانیا و شوێنانی تر.

دایکـان بەیانیـان بە پەلە دەچـوون بۆ سـەر ئیشـەکانیان دوای ئەوەی منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخـانە دەکردن و ئەوانەی بچـووکتر بـوون لای دایک و کەسیان بەجێ دەهێشت، ئەگەرچی جاری وا هەبوو ئاشنا یـاخود دراوسـێی وا لە هەنـدێک شـوێن دەسـت دەکەوتـن کە بەقەد دایـک و خوشـکی ئەو کەسـانە دڵسـۆز دەبـوون و لە خۆیـان چـاکتر بە دڵ و بە گیـان ئاگـاداری مـاڵ و منـداڵی هـاوڕێ و ئاشـنا و دراوسـێکانیان دەکـرد، چونکە دایکەکـان هەمیشـە مانـدوو و ئەرک لەسەرشـان بـوون، کە دەبـوو بچـن بۆ کـارکردن بـۆ ئەوەی بتـوانن یـارمەتیی هاوسـەرەکانیان بـدەن لە ڕووی بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی ماڵ و منداڵیان.

لە سـەرێکی تریشـەوە دەبـوو دوای تەواوبـوون لە ئیش بە پەلەپەل نەگەڕێنەوە ماڵەکانیان بۆ ئەوەی خـواردن و نـان و چێشـت بـۆ منـداڵە خۆشەویستەکانیان ئامادە بکەن و ماڵەکەیان کۆ بکەنەوە، جاری واش هەبوو هەندێک منداڵیان وا کەمتەرخەم و بێباک بـوون نەیاندەگوت بـا یارمەتییەکی دایکە ماندووەکەم بدەم، هیچ نەبێت نوێنەکانم هەڵبگـرم و جێگەکەم کۆ بکەمەوە و ژوورەکەم ئەوەندە پەرش و بڵاو نەکەمەوە.

منـداڵی تـریش (چ کـچ یـان کـوڕ) هەبـوون ئەوەنـدە بەهەسـت و بەپەرۆش بـوون بـۆ دایـک و باوکیـان، کارێـک نەکەن تـا نارەحەتیـان بـکەن، ئەگەر جارێـک ئیشـێکی خراپیـان بکـردایە و دایـک و باوکیـان تـووڕە ببوونـایە، ئەوانەی بەهەست و ئـاقڵن، ئەو ڕووداوانەیـان لەبیـر نەدەچووەوە و هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا جارێکی تر نەبێتەوە.


کوڕ و کچی واش هەبوون هەر هـیچ گوێیـان نەدەدایە ئەو ڕێنمـایی و ئامۆژگارییـانە و لەم گـوێیەوە دەچـووە ژووری و لە گـوێیەکەی تـرەوە دەهـاتە دەرێ. دیـارە ئەو جۆرە منداڵە بێبـاک و کەمتەرخەمـانە هەمیشـە تووشـــی ڕووداوی نـــاجۆر دەبـــوون، هەمیشـــە تووشـــی پەشـــیمانی

دەبوونەوە، بەڵام ئاقڵ و گوێڕایەڵی دایک و باوکیان زۆر سەرکەوتوو دەبوون لە کار و وانەکانیاندا و هەمیشە سەرفراز و سەربڵند دەبوون، کاتێکیش گەورە دەبوون، دەبوونە ژن و پیاوی ناودار و لێهاتوو.

لە ناو ئەو منداڵانەی گوێڕایەڵ نەبوون و بۆ هەموو شتێک و ڕووداوێک بێباک بوون و گوێیان نەدەدایە نارەحەتی و تووڕەیی دایک و باوک و بەتایبەتییش نەنک و باپیریان، کە منداڵی بەهەست و ئاقڵ و دڵخۆشکەر دەبوو لە دایک و باوکیان زیاتر گوێ بدەنە نەنک و باپیریان، لەبەر ئەوەی بەتەمەن گەورەتر بوون و زۆریان توانای وەکو جارانیان نەدەما و پێویستییان بە یارمەتیی نەوە و منداڵەکانیان بوو.

نەک هەر باپیر و نەنک، بەڵکو دەبێت مرۆڤ گوێ بداتە هەموو تەمەنێکی گەورە و پیر و یارمەتییان بدات و ئیشوکاریان بۆ ڕاپەڕێنێت، سەغڵەت و گێژیان نەکات بە قرە و شاتەشات و هاوار هاوار، دەبێت خەڵکی بۆ هەموو مرۆڤێکی بەتەمەن وا ڕەفتار بکات و حورمەتیان بگرێت و نارەحەتیان نەکات، ئینجا چ جای نەنک و باپیری خۆی، بەڵام وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، هەندێک منداڵی بێهەست و بەدڕەفتار و هار لەم کار و کردەوە باشانە بێبەشن.

ڕۆژێکیان خوشک و برایەکی زیرەک و باش و ڕەفتارجوان لە ماڵەکەیان هاتنە دەرەوە، کچەکە ناوی تریفە بوو، تەمەنی چواردە ساڵ دەبوو، براکەشی ناوی وریا بوو تەمەنی پازدە ساڵ دەبوو، یەکی کیسەیەکیان پێ بوو دەڕۆیشتن بۆ ماڵی خزمێکی نەخۆشیان، دایکیان ناردبوونی، چونکە خۆی ناساغ بوو پێی نەکرابوو بچێت، سەرەڕای نەخۆشیی خۆی، فاتمە خانی دایکیان خەمی ئەو خزمە نەخۆشەی بوو، بۆیە کچ و کوڕەکەی ناردبوو تا بچن سەری بدەن و ئەم دیارییانەشی بۆ بەرن.



تریفە و وریای برای هاتنە دەرەوە و دەرگای حەوشەکەیان پێوە دایەوە و کەوتنە ڕێ کە لەپڕ تریفە ڕاوەستا و بە گومانەوە ڕووی کردە وریای برای و گوتی: "ئەرێ ئەم هەرا و قرەیە چییە لەو خوارەوە دێت، خوانەکردە شتێک نەقەومابێت؟"

وریا هەندێک گوێی گرت و بە زەردەخەنەوە گوتی: "برۆ برۆ... دیسان خۆتت کرد بە مامە خەمە، گوێت لە زریکە و هەرا و پێکەنین نییە، هەمووی هەر پێکەنینە!"

تریفە بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی: "ڕاست دەکەیت دەنگی پێکەنینە، با بڕۆین بزانین ئەمە چییە...؟"

کەمێک پەلەیان لە خۆیان دەکرد و وەرگەڕانە کۆڵانی دەستەڕاستیان، کاتێک دەنگەکە لەوێوە دەهات لە دوورەوە سەیریان کرد کۆمەڵێک منداڵی هاری بێهەست دەوری پشیلەیەکی بەستەزمانیان داوە و یەکی دارێک و چیلکەیەکی بە دەستەوەیە و بە هەر هەموویان ئەو دار و چیلکەیە دەکەن بە ورگ و پشت و چاوی پشیلەی بێزمان و بێدەسەڵاتدا، ئەویش لەتاوانا هەڵدەبەزێت و بەملادا ڕا دەکات و بەولادا ڕادەپەڕێت و بەر ئەم دیوار و ئەو دەرگا و دار و بەردە دەکەوێت.

تریفە و وریای برای بە ڕاکردن و قیڕە و هەڕەشە گەیشتنە لایان و سەیریان کرد لێوی پشیلەی بێگوناه خوێنی پێوەیە و زۆر پەرێشان و بەدحاڵە.

وریا قیڕاندی بەسەریاندا و بە تووڕەبوون و هەڵچوونێکی زۆرەوە داری لە دەستی یەکێکیان ڕاکێشا و گوتی: "هەی خەجاڵەت بن، هەی دڵڕەق و بێشەرمانە... ئەوە بۆ وا لەم ئاژەڵە ئێسکسووکە بەستەزمانە دەکەن؟ ئەوە لە خودا ناترسن؟". لە لایەکی ترەوە، تریفە



بە کیسەکەی دەستیەوە، کە میوە و هەندێک شتی تێدا بوو بۆ خزمە نەخۆشەکەیان هێنابووی، پێیدا کێشان و تێیان بەربوو و گوتی: "ئەوە شەرم ناکەن ئەو هەموو قاقا و پێکەنین و شاتە و قڕەیەتان ناوەتەوە؟ گوتمان ئاخر چی قەوماوە! کەچی ئەمە وا لەم پشیلە بێزمانە دەکەن؟"

یەک-داونێک لەو منداڵە هارانە، کە یەکیان ناوی نەورۆز بوو، سیازدە و دوازدە ساڵ دەبوو، ئەوی تریشیان ناوی کەمال بوو، ئەویش هەر لەو تەمەنەدا بوو، قیڕاندیان و گوتیان: "ئینجا ئێوە حەقتان چییە بەسەریەوە، خۆ پشیلەی ئێوە نییە؟"

وریا ئەوەندە تووڕە بووبوو کە دەمی گۆی نەدەکرد و دەستی دەلەرزی لەتاوانا لێی ڕاپەڕین و دارەکەی هەڵبڕی و گوتی: "لە خودا نەترسم و لەبەر عەیبە نەبێت بەو خودایە ئێستا ئەم دارەم تیاتاندا پارچە پارچە دەکرد، پشیلەی ئاژەڵ و قوربەسەر و بێزمان لەجیاتی ئەوەی نان و ئاوی پێ بدەن و دەستی بەسەردا بهێنن، کەچی سەیریان بکە چی لێ دەکەن؟"

لەو کاتەدا دەرگایەک لەو ماڵانە کرایەوە و پیاوێکی ڕێکوپێک و ڕێکپۆش هاتە دەرەوە بە جانتایەکی دەستیەوە کە لە دکتۆر دەچوو، کلیلی ئۆتۆمبێلەکەی پێ بوو و دەیوست سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت، بەڵام لەبەر دەنگە دەنگ و ئەو هەرا و قڕەیە ڕاوەستا و بە سەرسوورمانەوە سەیرێکی کردن و ڕووی کردە وریا و گوتی: "ئەوە تۆی وریا گیان ئەوە چیتانە؟"

وریا هەندێک هێمن بووەوە و سەیرێکی کرد و گوتی: "کاکە دکتۆر لەگەڵ تریفەتی خوشکمدا لێرەوە تێپەڕیم و گوێمان لە هەرا و قڕە و پێکەنین بوو، کە گەیشتین سەیر دەکەین ئەم منداڵانە وا لەم پشیلە


قوڕبەسەرە بەر بوون، هەریەکەیان دارێک یاخود چیلکەیەکی پێیە... ئەم دەیکرد بە سکیدا و ئەو دەیکرد بە چاویدا..."

دکتۆر حەپەسا و تووڕە بوو کە بینیی پشیلە داماوەکە خۆی کزۆڵە کردبوو و خۆی خزاندبووە پەنا بەردێکی زلەوە لە نزیک ورپاوە.

دکتۆر ئەوەندە ناڕەحەت بوو، هەر خەریک بوو لێیان بدات و بە تووڕەبوونەوە گوتی: "ئاخر ئەوە ڕەوشتی خۆیان دەردەخەن، ئەوە میللەتانی دواکەوتوو و هیچنەزان وا لە ئاژەڵ و سەگ و پشیلەکان دەکات، خەڵکی پێشکەوتوو و شارستانی سەگ و پشیلەکانیان بەقەد منداڵەکانی خۆیان خۆش دەوێت، ئەوە ئەمانە کەسیان نەبووە فێریان بکات بەرانبەر بە ئاژەڵی بێزمان ڕەحم و بەزەیی بخاتە دڵیانەوە.

دکتۆر حەسەن کە لە لەندەن کۆلێژی پزیشکی تەواو کردبوو، هاتبووەوە وڵاتی خۆی خزمەت بکات کە ناسیاوی باوکی وریا و تریفە بوو، سەیرێکی ئەو کۆمەڵە منداڵە دڵڕەقانەی کرد و دەستی ڕاوەشاند بە کلیلی ئۆتۆمبێلەکەیەوە گوتی: "لە ئەوروپا خەڵک دەچن بۆ ماڵەکەیان نان و گۆشت و شتی وا بکڕن، دەیخەنە عەرەبانەوە کە سەیر دەکەیت لایەکی عەرەبانەکانیان قتووە گۆشت و خواردنی پشیلە و سەگەکانیانە."

لەو وڵاتانە پیرەژن و پیرەمێردەکانیان دەڵێن سەگەکانمان لە منداڵەکانمان بۆمان بە ئەمەکترن، هەروەها پشیلەکانیشمان. لەوێ کاتێک یەکێک پشیلەکەی یان سەگەکەی ون دەبێت بۆ منداڵەکەی، کە ون دەبێت چی دەکات بۆ ئەوانیش وا دەکات، هەر ئەوەندەت زانی هەر کاغەزە بە دار و دیوار و درەخت و کۆڵانەوە هەڵواسراون کە پشیلە گوم بووە و ڕەنگی وایە و شێوەی وایە... تکایە ئەگەر بینیتان بەم ژمارە تەلەفۆنانە پەیوەندیمان پێوە بکەن و مژدانەشتان پێ دەدەین.



دکتۆر حەسەن دەستی دا بە یەکدا و گوتی: "وەیش چەند گوناحە!" ئینجا سەیرێکی وریای کرد و گوتی: "شتێک نییە بیخەینە ناوی؟ دەمەوێت بیبەم بۆ عیادەکەم دکتۆرێکی ئاژەڵ هاوڕێمە تەلەفۆنی بۆ دەکەم بێت چارەسەری بکات."

دکتۆر حەسەن خۆی دانەواندەوە و دەستێکی بە پشیلەکەدا هێنا و گوتی: "ئەمە پیشەی خەڵکی دواکەوتووە."

وریا دەستی برد پشیلەکەی هەڵگرت، تریفەش کیسەیەکی لە کیسەکانی دەستیانی بەتاڵ کرد و خستیە ژێر پشیلەکە، وریا گوتی: " لەگەڵتدا دێم بۆ عیادەکەت، چونکە تۆ ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕیت و ئەو دەترسێت و ڕادەپەڕێت."

دکتۆر حەسەن گوتی: "وەڵاهی زۆریش سوپاست دەکەم"، تریفە سەیری براکەی کرد و گوتی: "تۆ بڕۆ گوێ مەدەرێ، خۆم دەتوانم بڕۆم بۆماڵی خزمەکەمان زۆر دوور نییە."

دکتۆر حەسەن گوتی: تۆ وەرە لەگەڵمان سوار بە، یەکەم جار تۆ دەگەیەنین، دواتریش ئێمە دەڕۆین.

هەر زوو ئەو دەورە چۆڵ بووبوو، هەر یەکێک لەو شەیتانە دڵڕەقانە ڕای کردبووە شوێنێک، پەنایەک و هەندێکیان بۆ ماڵەکانیان و لە ژێرەوە بە دزییەوە سەیری وریا و دکتۆر و تریفەیان دەکرد، بەڵام دوانەکەی هاتنە قسە و قیڕاندیان بەسەر تریفە و وریادا، لە دوورەوە ڕاوەستابوون و سەیریان دەکردن و سەریان دەهێنایە نزیک یەکتری و دەستیان دەکرد بە چرپەچرپ.

ئاخری تریفەیان بردە ماڵی خزمەکەیان و خۆیشیان چوونە عیادەی دکتۆر حەسەن، ئەوەندەشی پێ نەچوو دکتۆر سەرکۆی

هاوڕێشی گەیشت و کەوتە سەیرکردنی پشیلەکە، دکتۆر حەسەن و وریاش بە دیاریەوە وەستابوون، دکتۆر سەرکۆ هەر چاوی بە پشیلە بەدبەختەکە کەوت بە نارەحەتییەوە گوتی: "ئەی دەستیان بشکێت! ئەوە چییان بەسەر ئەم ئاژەڵە بێزمانەدا هێناوە؟ خۆ نیوەمردوویان کردووە، باوەڕ ناکەم چاک بێتەوە."

وریا خەریک بوو بگریی کە دکتۆر وای گوت، دەستی لە ژێرەوە هەڵگلۆفی و لە دڵی خۆیدا گوتی: "خودایە ڕەحم بەم پشیلە بەستەزمانە بکەیت و نەمرێت" چاویشی خەریک بوو پڕ ببێت لە فرمێسک. بەتایبەت کە بینیی دکتۆر سەرکۆ ئەمدیو و ئەودیوی بە پشیلەکە دەکرد و سەیری لێوە هەڵقلێشاوەکەی دەکرد، هەروەها چاویشی کە ئاو و خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە و قاچەکەشی کە شکابوو، وەک پەڕۆ بە لایدا هاتبووە خوارەوە.

پشیلەکە منداڵ بوو، تەمەنی هەر هەشت مانگێک دەبوو، سپیکەلانەیەک بوو چەند پەڵەی ڕەشیشی تێکەڵ بووبوو. زۆر جوان و ئێسکسووک بوو، بەڵام ئەوەندەیان پێدا کێشابوو و ئەوەندە بەر دار و بەرد کەوتبوو، پێستی پێستی خۆڵاوی و چڵکن دیار بوو.

دکتۆر سەرکۆ بە پەڕۆ و کەلوپەلی پزیشکیی پشیلەکەی پاک کردەوە و خەریکی لێوی بوو چارەسەری دەکرد و چاوەکەیشی بۆ پاک کردەوە و دەرمانی بۆ تێکرد.

دکتۆر سەری هەڵبڕی و سەیری دکتۆر حەسەن و وریای کرد و گوتی: "چاوی بیناییەکەی هیچی لێ نەهاتووە، تەنها زۆر ڕووشاوە و داری بەرکەوتووە". قاچەکەشی بۆ بەست و بۆی پێچایەوە، دوایی دەرزییەکی لێ دا و گوتی: "ئێستا ئارام دەبێت و دەنووێت."

وریـا بە قـوڕگێکی گیـراو و بە پـیش و نـاڕەحەتییەوە گـوتی: "ئەی بەشکم ئێستا برسی بێت؟ ئەی چۆن نان بخوات؟"

دکتۆر سەرکۆ گوتی: "خەمت نەبێت ئێستا بە لوولە شـیر دەکەم بە قوڕگیدا."

وریـا دڵـی خـۆش بـوو گـوتی: "یـا خـودا کـاکە دکتـۆر دەسـتەکانت خۆش بێت وەکو ئازاری ئەم پشیلە بەستەزمانەت کەم کردەوە".

دکتـۆر لـێ بـووەوە و گـوتی: "ئینجـا ئەمە لە کـوێ دەبێـت و کـێ ئاگای لێی دەبێت؟ وریا بە پەلە گوتی: "کاکە دکتۆر من، من هەر ئێستا دەیـبەمە مـاڵی خۆمـان و جێگەیەکی خۆیشـی بـۆ دەکەم و ئاگـام لێـی دەبێت".

دکتۆر حەسەن هـاتە قسـە و گـوتی: "هەی ئـافەرین دەسـتت خـۆش بێت".

دوای دکتـۆر حەسـەن سـەیرێکی وریـای کـرد و گـوتی: "تـۆ بڵێیـت دایکت و ئەوان ڕازی بن؟"

وریـا بە گەرمـی هەڵیـدایە و گـوتی: "ئەی چـۆن! بە خـودا ئەوەی ڕازی نەبێـت لە مـاڵەکە بێـت، خۆیشـم لەگەڵـی دەچـمە دەرەوە. بەڵام نەخێر، دایکم و بـاوکم و نەنکیشـم زۆر بەڕەحمـن و دڵیـان زۆر پڕ لە بەزەییە".

دکتۆر سەرکۆ دەستی شت و خەریکی وشککردنەوەی بوو، بەدەم ئەو کارەوە گوتی: "لای ئێمە گـوێ نـادەنە ئـاژەڵ، ئەگینـا لە ئەورووپـا و وڵاتە پێشـــکەوتووەکان بـــوایە ئێســـتا لە خەســـتەخانەی ئـــاژەڵ دەمانخەواند، بەڵام لێرە شتی وا نییە!

دکتـۆر حەسـەن بـۆی سـەندەوە و گـوتی: "لێـرە کـوا ئەوەنـدە گـوێ دەدەنە مرۆڤ تاوەکو گوێ بدەنە ئـاژەڵی قوڕبەسـەر" دکتـۆر حەسـەن

لەسـەر قسـەکەی ڕۆیشـت و بە وریـای گـوت: "دەی کـوڕی بـاش بـڕۆ ئەو کارتۆنە بەتاڵە بهێنە با بیخەینە ناوی تاوەکو بیبەیتەوە بۆ مـاڵەوە. بڕۆ خۆم دەتگەیەنم".

وریا سوپاسی کرد، هەروەها دکتۆر سـەرکۆش دەرمـانی پێ دا و گوتی: "ڕۆژی دوو جار ئەم حەبە بکە بە قوڕگیدا و ئەم ڕۆنەش بدە لە لێـوی، بەم لـوولەیەش شـیر بـکە بە قوڕگیـدا... هەر کارێـک و پرسیارێکت هەبوو ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەمە و زەنگم بۆ لێ بدە".

وریـا و پشـیلەکە لە ئۆتـۆمبێلەکەی دکتـۆر حەسـەن دابەزیـن، وریـا بەدەم سوپاسی زۆرەوە بە ئەسپایی کارتۆنە بچووکەکەی پشـیلەکەی هەڵگـرت و دابەزیـی و خوداحافیزییـان لە یەک کـرد، دکتـۆر گەڕایەوە بەرەو عەیـادەکەی، وریـاش بە کـارتۆن و پشـیلەوە کـردی بە مـاڵی خۆیاندا.

پێش گەیشتنی وریا، تـاڤگە گەڕایەوە مـاڵەوە و لە سـەردانی خـزمە نەخۆشـەکەی بـوو، هەمـوو شـتێکی بـۆ دایکـی و مـاڵی خۆیـان گێڕابووەوە، لەبەر ئەوەی وریـاش چووە ژوورەوە و هەندێک نائـارام بـوو و لە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "ئینجـا کـێ دەڵێـت دایکـم و ئەوان ڕازی دەبن، هەرچەندە بەبەزەییش بن لەوانەیە بۆڵەیەک بکەن".

وریا لە دڵی خۆیدا بڕیـاری دا کە هەر کەسـێکیان نـاڕەزایی پیشـان بدەن، ئەوان دەیکەن بە هەرا، بەڵام بە پێچەوانەوە دایک و خوشـک و براکانی تری هەموو بە پەرۆشەوە چوون بەپیرییەوە پێش هەموویـان تاڤگەی خوشکی، هەموویـان بە گەرمـی هەواڵـی پشـیلەکەیان پرسـی و دەستخۆشـییان لـێ کـرد کە ئەو پشـیلە بچـووکە بێدەسـەڵات و بێگوناهەی ڕزگار کرد لە دەست ئەو هار و بێهەست و دڵڕەقانە.

پشیلەکەیان دانا لە شوێنیکی بێدەنگ و بیاش، دوای ئەوەی فاتمە خانی دایکیان چوو پەتوویەکی نەرمی بۆ هێنان و چوارقەدی کرد و گوتی: "ئەمە لە ژێریدا دابخەن، گوناحە! کارتۆنەکە ڕەقە". ئیتر بە دەوریدا دەهاتن و بەزەیی و ناڕەحەتیی خۆیان بۆ پشیلەکە هەر کەسە و بە جۆرێک دەربڕی.

وریا پێی گوتن بەجێی بهێڵن با بۆ خۆی بنوێت، چونکە دەرزیی ئازاری لێ درابوو و وەک بێهۆش و بێدەنگ کەوتبوو.

دنیا ئێوارە بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو باوکیشیان لە بازاڕ هاتەوە، چونکە دوکانی کوتاڵی هەبوو. بەیانیان دەڕۆیشت و ئێواران بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە، ئەویش پیاوێکی باش بوو، ناوبانگێکی زۆر پاک و چاکی لە ناو بازاڕدا هەبوو و ناویشی "ئەمین ئەفەندی" بوو.

ئەمین ئەفەندی کە باسی پشیلەکەی زانیی، ئەویش ناڕەحەت بوو بەزەیی پێدا هاتەوە و دڵخۆشیی کوڕ و کچ و منداڵەکانی تری دایەوە و گوتی: "خەفەت مەخۆن، ئێستا چاک چاک دەبێتەوە، تەنها ڕاسپاردەکانی دکتۆرەکە بەجێ بهێنن و دەرمان و شیرەکەی پێ بدەن".

دەبێت هەتا بەیانی وریا و تریفە چوار-پێنج جار خەبەریان بوو‌بێتەوە و چووبن سەری پشیلەکەیان دابێت و ئاگاداری بووبن، کە بەیانییش چوونە مەکتەب، دایکی بەڵێنی پێ دان کە بە خودا هەزار ئیشیشی هەبێت هەر ئاگای لێی دەبێت و هەمیشە سەری دەدات، تەنانەت تاقگەش تاوەکو بەردەراش کە دەچوو هەر بە قوربان و بە حەیرانی دایکی دەبوو کە تو خوا شیرەکەت بیر نەچێت بیکەیت بە قوڕگیدا ئەگینا لە برساندا دەمرێت.

ئینجا ڕووی دەکردە نەنکی و دەیگوت: "تو خوا نەنە گیان نەهێڵیت منداڵ و میوان بچن بە لایەوە" نەنکیشی کە نەوەکانی زۆر زۆر خۆش دەویست و گیانێکی لەسەر موویەکی سەریان بوو، بەتایبەت تریفەی زۆر خۆش دەویست چونکە زۆر کچی چاک بوو. نەنکی گوتی: "بە قوربان بە دڵنیاییەوە، تۆ بڕۆ بۆ خوێندنگەکەت، بە چاوەکانت لە تۆ زیاتر ئاگام لێی دەبێت تاوەک و دێیتەوە".

پشیلەکە هەفتەیەک-دە ڕۆژ زیاتر دەبوو بەو حاڵ و نەخۆشییەوە لە ماڵەوە کەوتبوو. دوای ئەو ماوەیە وردە وردە چاوی کرایەوە و لێوی پێکەوە نووسایەوە  و خەریک بوو قاچی دەجووڵاندەوە.

وریا و تاڤگە و هەموو خەڵکی ماڵەکە ئەسەندە دڵیان خۆش بوو، هەر ئەوە مابوو هەڵبپەڕن لەخۆشیاندا. پشیلە وردە وردە کەوتەوە نانخواردن و ئاوخواردنەوە، کەوتەوە جووڵەجووڵ. دوایش وردە وردە هەستایە سەر پێ، کە تریفە و وریای دەبینی کلکی دەجووڵاندەوە و دەستی بۆ درێژ دەکردن و حەزی دەکرد یارییان لەگەڵدا بکات.

هەرچەندە زۆر لاواز و بێهێز بووبوو، لەبەر ئەوەی لێوی لەت بووبوو کاتێک ئەو منداڵە هارە داریان پیایدا کێشابوو و لێویان هەڵدڕیبوو، بەڵام لەبەر ئەو خزمەتە چاکەی تریفە و وریای برای و ماڵە باشەکەی خۆیان، هەر زوو زوو خەریک بوو چاک دەبوویەوە. تریفە گوتی: با ناوێکی لێ بنێین" دوو-سێ ناویان گوت، لە دواییدا ناوی لولویان بەدڵ بوو، بۆیە پشە ناوی بوو بە لولو.

هەروەها تریفە لە داوی ئەوەی دڵنیا بووەوە کە چاک بووەتەوە و کەوتووەتە گەڕان بە ناو ماڵەکەدا و کەوتووەتە یاری و هەڵپەڕین، بۆیە ناو شتەکانی گەڕا و شریتێکی ئاوریشمی پەمەیی دۆزییەوە و زەنگۆڵەیەکی بچووکی جوانیشی لە ناو وردەواڵەکانی دایکیدا دەرهێنا

و لێی سەند کە کاتی خۆی بە پشتێنێکی جلی کوردیی کۆنەوە بوو، زەنگۆڵەکەی کرد بە شریتە ئاوریشمە پەمەییەکەوە کردیە ملی لولو.

ئیتر لولو هەر بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو و هەڵدەبەزیی و هەڵدەپەڕیی... دەنگی زەنگۆڵەکەی دەهات. ئیدی وردە وردە لولو خەریک بوو خرپن و جوان بێت.

تریفە و وریا و هەموو خەڵکی ماڵەکە ئەوەندە لولویان خۆش دەویست دەتگوت گوڵی ماڵەکەیە، تەنانەت لە خوێندنگەش ئەوەندە تریفە باسی بۆ هاوڕێکانی کردبوو، ئەوانیش دەیانناسی و هەواڵیان دەپرسی و جاروبار کە دەچوونە ماڵی تریفە، لولویان دەگرتە باوەش و دەستیان پێدا دەهێنا و یارییان لەگەڵ دەکرد، وریاش دیسان ئەو باسەی بۆ هاوڕێ کوڕەکانی کردبوو، ئەوانیش خۆشیان دەویست.

هەرچەندە ئەو منداڵە هارانەی وا ئەزیەتی لولویان دابوو و وایان بەسەر هێنابوو، لە دڵی خۆیاندا تەریق بووبوونەوە زۆریان کە بە شەو دەچوونە سەر جێگەکانیان تا بنوون، دەهاتەوە بیریان کە بۆچی وایان لەو پشیلە بەستەزمانە کرد؟ بۆچی وەکو دڕندە بە هەموویان، هەر کەسەیان لە لایەکەوە دارێکیان پێدا دەکرد و ئەویش بێدەسەڵات و بچووک هەر هاواری دەکرد و ڕای دەکرد بەملاولادا و ئەوی تر بۆی دەچوو، دەهاتە ئەملاتر ئەوی تر بەرۆکی دەگرت و تێی بەر دەبوو.

هەندێکیان زۆر تەریق دەبوونەوە و لە ژێر لێفەکەوە لێویان دەلەرزی و خەریک دەبوو بگرین و لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت ئەوە بۆ وامان کرد؟ قابیلە هیچ گەمە و یاری و کاری باشتر نەبوو لەوە زیاتر کە ئازاری ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەمان بدایە؟ نەگبەتە هەر بەقەد جنگێک بوو چۆن سەیری دەکردین، دەتگوت لێمان دەپاڕێتەوە و دەڵێت تو خوا منداڵینە وام لێ مەکەن، من زۆر گوناه و بێدەسەڵاتم.

دوو کوڕەکە کە کاتی خۆی چووبوون بەگژ تریفە و وریادا و ناویان کەمال و نەورۆز بوو، ئەوانە ماڵیان هەندیک نزیک ماڵی تریفە و وریا بوو، باسی پشیلەکەیان لە دەرودراوسێیان بیستبوو کە چۆن چاک بووەتەوە و ئەو ماڵە چەندیان خزمەت کردووە و چەند خۆشەویستە لای هەموویان و چەند جوان و دڵگیر بووە، بۆیە ئەوانیش کە بە یەک دەگەیشتن دەکەوتنە قسە و باس و پەشیمانیدەربڕین لەو کارە دڕندانەیەی بەرانبەر ئەو پشیلە بچووکە بەستەزمانەیان کردبوو.

نەورۆز زۆر جار بە کەمالی دەگوت: "بە خودا لەو ڕۆژەوە ڕووم نییە سەیری وریا و تاڤگە بکەم، کە لە دوورەوە دەیانبینم خۆمیان لێ دەشارمەوە، دەڵییت چی بڕۆین پێیان بڵێین لێمان ببوورن، بە خوا ئیتر قەت کاری وا ناکەین...؟"

کەمالیش دەیگوت: "ئینجا ئەوەی بۆچییە پێیان بڵێین لێمان ببوورن؟ ئەوە نییە منیش پشیلەیەکم پەیدا کردووە و زۆرم خۆش دەوێت و لە ماڵەوە ئەوەندە خۆشەویستە نایەڵێت وانەکانم بنووسمەوە و یاری بە قەڵەم و دەفتەرەکانم دەکات؟ کاتێک دادەنیشم وانەکانم بنووسمەوە لەپڕ خۆی هەڵدەداتە سەر شانم. ئەو ڕۆژەیان خوا ڕەحمی کرد خۆی هەڵدایە سەر سەرم، خەریک بوو بکەوێتە سەر زۆپاکە، چونکە سەرمام بوو لە نزیک زۆپاکە دانیشتبووم".

نەورۆزیش بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیری کەمالی دەکرد و دەیگوت: "ئەوە نییە منیش لەو ڕۆژەوە خەریکی بەخێوکردنی ئەو گیسکەم کە خزمەکەی باوکم لە لادێوە بۆی هێناوین، گوایە بۆ سەربڕین و خواردنە، بەڵام من کردم بە هەرا و گوتم بە خودا یەک

کەس دەستی لێ بدات و سەری ببڕێت دنیاتان بەسەردا کاول دەکەم، ئەمە هەر دەبێت لێرە بێت و من بەخێوی دەکەم".

نەورۆز پێکەنیی و گوتی: "خۆ باوکم دەناسیت، قەت بێدڵیی من ناکات و ناهێڵێت کەس بچێت بە لایەوە و گوتی تازە ئەمە هیی نەورۆزە، باوکم فەقیرە وا دەزانێت کوڕەکەی بووە بە پارێزەری مافی ئاژەڵ، نازانێت ماوەیەک لەمەوپێش کوڕەکەی چ بەڵایەکی بەسەر ئەو ئاژەلە بچووکەدا هێنابوو!"

نەورۆز بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە سەیری کەمالی هاوڕێی کرد و گوتی: "سوپاس بۆ خودا شکور لەو ڕۆژەوە ئاقڵ بووین و زانیمان ئەوە کارێکی دڕندانە بوو و پەشیمان بووینەوە"، نەورۆز لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: "ئاخری هەر وام کرد، ئەوەندە سەرخم خستە سەر دایک و باوکم تا شوێنێکی تایبەت بە گیسکەکەم هەبێت، باوکم ناچار بوو لای باخچە بچکۆلەکەی لەبەر باران و سەرما لای دەرکی حەوشەوە ژوورێکی بچکۆلەی بۆ دروست بکات".

نەورۆز دیسان پێکەنیی و دەستی دا بە یەکدا و گوتی: "دەزانیت شەوی بارانە زۆرەکە گیسکم لە کوێ دانا و ئەو شەوە لە کوێ بوو؟" کەمال گوتی: "دە بڵێ لە کوێت دانا؟"

نەورۆز گوتی: "هێنابوومە ژووری ژوورەوە لە لای دالانی ژووری دانیشتنەوە دامنا، تاوەکو بەیانیی ئەو شەوە لەوێ مایەوە، نەورۆز دایە قاقای پێکەنین و گوتی: "بەڵام بەیانی دایکم کردی بە شەڕ لەگەڵمدا، چونکە پشقلێکی زۆری بەو ناوەدا بڵاو کردبووەوە".

نەورۆز سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی: "نازانم کەی ئەم باران و هەورە نامێنێت، دەمەوێت زوو بەهار بێت و دەشتودەر سەوز بێت تا گیسکەکەم بەرمە ئەم دەوروپشتە، تاوەکو تێر گیای تازە بخوات".

چەند مانگێکی بەسەردا چوو، زستان بڕایەوە بە باران و تۆفان و هەورەبروسکەکەیەوە... بەهار هات و دەشتودەر هەمووی سەوز و جوان بوون، درەختەکان دەستیان کرد بە چرۆکردن و خۆئامادەکردن بۆ گەڵا دەرکردن و گوڵ و میوەی جۆراوجۆر هەڵڕشتن. سەرماوسۆڵە خۆیان پێچایەوە و بە مۆن و گرژی لەبەرچاو نەمان، خەڵک کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ گەیشتن بە ڕۆژی نەورۆزی جەژنی کورد.

هەر ماڵە لای خۆیەوە کەوتە خۆئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆز و دڵگیرە، هەرکەسە ویستی ڕوو بکاتە دەشتێکی دەوربەری کەرکووکی شیرینی دڵی کوردستان. نەورۆز هات و هەموو خەڵک بە خۆڕازاندنەوە و جلی کوردی جوان، هەروەها  بە جلی مەدەنیی ڕێکوپێک کەوتنە ڕێ بە خواردن و چێشت و یاپراخ و کفتەوە لەو دەشتە بەرین و شیرین و دڵگیرانە خەڵک و سەیرانکەر بڵاو بووبوونەوە.

ئەوانەی بە دیار نەوار و گۆرانییەوە هەڵدەپەڕین و ئەوانەی بە کۆمەڵ کۆمەڵ دەگەڕان و دەهاتن و دەچوون بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە هاوڕێ و هاوتەمەن و هاوپۆلی یەک بوون چ کوڕ چ کچ هەندێک باسی ئاگرکردنەوەی نەورۆزیان دەکرد کە شەوی ڕابردوو (واتا شەوی نەورۆز) لە کوێ داگیرساوە، هەندێک دەیانگوت لە باخەکەی ماڵی خۆمان دامانگیرساندووە. هەندێک دەیانگوت منداڵی دراوسێکەمان خەریک بووە بکەوێتە ناو ئاگرەکەوە و لە ماڵەکە بووە بە شەڕ، باوکەکە بە دایکەکەی دەگوت بۆ ئاگات لە منداڵەکەت نەبوو، دایکەکە بە باوکەکەی دەگوت ئاخر من ئیشم دەکرد تۆ بە دیار ئاگرکردنەوەکەوە بوویت، تۆ دەبوو ئاگاداری منداڵەکانت بیت،

باوکەکەش دەیقیڕاند و دەیگوت ئاخر چۆن خەڵک دەهێڵێت منداڵی دووساڵە نزیک ئاگر بکەوێتەوە... ئیتر ماڵەکە تاوەکو درەنگ هەر شەڕیان بوو.

بە پێکەنین و قسەی خۆش و ڕابواردنەوە، لەپڕ وریا بە سەرسوڕمانێکەوە کە بەوێدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا تێدەپەڕیی، سەیرێکی نەورۆزی کرد و گوتی: "ئەوە تۆیت؟ ئەوە بزانم گیسک و ئاژەڵت بە دەستەوەیە؟ بەڕاست ئەمە تۆ ئەو کوڕەی ڕۆژی بەزمەکەیت؟" وریا زەردەخەنە گرتی و گوتی: "با چیتر نەڵێم خۆت دەزانیت باسی چ ڕۆژێک دەکەم".

نەورۆز بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیری وریای کرد و گوتی: ئەرێوەڵا وریا گیان ئەو ڕۆژەم قەت لە بیر ناچێتەوە و زۆریش پەشیمانم، بەڕاستی هەر ڕووشم نەبوو سەیرت بکەم، بەڵام ئەوە بوو بە وانەیەکی زۆر بەنرخ بۆ من و هاوڕێکانی ترم، ئەوەتا دەبینیت گیسکەکەم هێناوە بۆ سەیرانی نەورۆز و ئەوەتا پەتەکەیم بە دەستەوە بەستووە نەوەکو لێم گوم بێت".

وریا دڵی خۆش بوو گوتی: "هەی ئافەرین کە پەشیمان بوویتەتەوە، لەو کارە خراپە دڕندانەیە، جارێکی تریش هەی ئافەرین و هەر بژیت".

نەورۆز بە گەرمی و خۆشییەوە سەیرێکی وریای کرد و گوتی: "بە خودا وریا گیان کەمالیش ئێستا پشیلەیەکی پەیدا کردووە کە دێتەوە لە خوێندنگە هەر بە باوەشییەوەیەتی، هەروەها کوڕەکانی تریش زۆر پەشیمان و تەریق بوونەوە، ئەو ڕۆژەی ئەو خەتایەمان کرد، بە سەری باوکم چەند کەسێکمان چەند شەوێک هەر خەومان لێ نەکەوت لە داخاندا، نازانم ئەو ڕۆژە بۆچی وا وەکو ئاژەڵی کێویمان

لێ هاتبوو! هیچ بە بیرماندا نەدەهات کە ئەمەش ئیشێکی زۆر بەد و دڵڕەقانە و خراپ بوو؛ بەڵام تۆ و تاڤگە و دکتۆر حەسەن ئەوەندە تورە بوون لێمان و پەلاماری ئەو پشیلە بەستەزمانەتان دا و بردتان و لە دەستی ئێمەی پیس و خراپ ڕزگارتان کرد، دوایی وەکو هۆشمان هاتەوە بەرخۆمان و بیرمان لێ کردەوە کە ئێوە ڕاستن و ئێمە خەتابار و بێویژدانین".

نەورۆز بە پێکەنینێکی خۆشەوە دەستە بەستراوەکەی بە پەتی گیسکەکەوە دای بە دەستەکەی تریەوە و گوتی: "دەڵێیت چی، خەریکین کۆمەڵێک دروست دەکەین ئەگەر کەسێکمان بینیی ئازاری ئاژەڵێک بدات شوێنی بکەوین و بەردەبارانی بکەین".

وریا پێکەنیی و گوتی: "نا... نا، خەڵک بەردەبارانکردنیش هەر عەیبە و نابێت، دەتوانن شوێنی ئەو کەسە بکەون و تەریقی بکەنەوە و خەڵکی لێ کۆ بکەنەوە کە ئیشێکی دڕندانەی کردووە بەرانبەر بە ئاژەڵ".

وریا بەم قسانەی نەورۆز دڵی خۆش بوو، زۆر دەستخۆشی لە خۆی و هاوڕێکانی کرد و گوتی: "باشە دوایی یەکتر دەبینین، وەرن بۆ لام، یان لە شوێنێک یەکتر دەبینین بۆ ئەوەی قسەیەک لەو ڕاوچییانە بکەین کە ئەو هەموو گۆشت و مریشک و ماسی و بازاڕ و دوکانانە ورگیانی پێ پڕ نابێت، ڕۆژانی سەیران و پشوو تفەنگەکانیان دەبەن ئەو ئاسک و کەروێشک و باڵدارە کێوییانە دەکوژن و ڕاو دەکەن، ئەو کەوە نازدارە دەنگخۆشانە دەکوژن و دەیخۆن یا خودا بە ژەهریان بێت".

نەورۆز سەری بادا و گوتی: "ئەرێ بە خودا ڕاست دەکەیت، ئەوە پیاوێکی دراوسێمان هەبوو زوو زوو دەچوو بۆ ڕاو، ئێواران کاتێک دەهاتەوە یەک سەبەتە باڵندە و چۆلەکە و قەتێ و ئەو شتانەی ڕاو

دەکرد و دەیهێنایەوە بۆ ماڵەوە، من ئەوسا ئەقڵم پێ نەدەشکا، دە با ئێستا وا بکات، بە خودا من و هاوڕێکانم ماڵەکەیان دەدەینە بەر بەرد".

وریا پێکەنیی و گوتی: "دیسان گوتت بەرد بەرد!" دوایی هەر گورج گوتی: "ئێ قەیناکە دەرگادانە بەر بەرد کە ئەویش دوایی لەگەڵ دایک و باوکتان ئەو ماڵە دەیکەن بە شەڕ، خەڵکدانە بەر بەرد ئەوە زۆر خراپە، هەرچەندە ئەو کەسە کاری خراپیشی کردبێت، چونکە بەردەکە بەر سەروچاوی دەکەوێت و بریندار دەبێت و تووشی بەڵا دەبن".

نەورۆز بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: "دە باشە کەواتە کەس بەردەباران ناکەین، تەنها کە بینیمان یەکێک ئەزیەت و ئەشکەنجەی ئاژەڵ دەدات، شوێنی دەکەوین و هووهای لێ دەکەین و ئابڕووی ڕاوچی دەبەین و شکاتیشیان لێ دەکەین، چونکە حکومەت ڕاوی قەدەغە کردووە، بۆ ئەوە دەستیان خۆش بێت".

ئیتر خواحافیزییان لە یەکتر کرد و هەرکەسەیان چوون بە لایەکدا بۆ سەیری سەیرانکەر و هەڵپەڕکێ.

ئیتر کاتی نانخواردن هات و هەر کەسە چووە لای دایک و باوک و کەسوکاریان کە بانگیان کردن بچن نان بخۆن.

نەورۆز گیسکەکەی بەرەو سفرە و سینیی ماڵی خۆیان برد، دوای ئەوەی بڕیاری دا لەگەڵ هاوڕێکانی بچنە لای وریا بۆ ئەوەی کۆمەڵی "لەسەر ئاژەڵکردنەوە" دروست بکەن، دوای یەک-دوو ڕۆژ هەندێک لەو کوڕ و کچانەش (بەتایبەت تریفە و دوو-سێ هاوڕێی تری) لە باخێکی گشتی کۆ بوونەوە. دوای هەواڵپرسینی یەکتری و دەستگووشین، وریا وەکو قسەزان و لێزان وا بوو، دەستی پێ کرد و گوتی: "ئێستا کوڕینە کچینە... ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵەیەک دروست بکەین و ناوی بنێین

کۆمەڵی لەسەرکردنەوەی ئاژەڵ". هەموویان گوتیان زۆر باشە، هەندێک هەڵیاندایە و گوتیان باشە ئەمە چۆنچۆنی دەبێت؟

کوڕێکی تر کە هاوڕێی نەورۆزی خاوەن گیسک بوو، گوتی: "باشە ئینجا ئەمە هەر وا ئاسانە؟ وەکو بزانن ئێمە قسەیەکی وا بکەین کە وەکو سەرزەنشتی ئازاردەری ئاژەڵ بکەین یاخود بە کابرای لادێیی بڵێین وا بۆچی ئەو هەموو بارەشی لەسەر پشتی ئەو کەرە گوێدرێژە لاوازە بەستەزمانە بار کردووە، بەوەش تێری نەخواردووە خۆیشی سواری بووە بەسەر بارەکەوە، زووزووش داری پێدا دەکێشێت و هەچەهەچە و هوهوی پێ دەکات.

وەکو ئەو ڕۆژەی کە ئەو دیمەنەم بە چاوی خۆم بینی کە لەگەڵ باوکم بووم، ئێوارە بوو دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە و هەندێک کیسە و کەلوپەلی ماڵەوەمان پێ بوو، لەو دیمەنە نارەحەت بووم و قیڕاندم بەسەر کابرادا و گوتم: "بۆ وا لەو گوێدرێژە قوڕبەسەرە دەدەیت، سەرەڕای ئەو هەموو بارە و تۆیشی هەڵگرتووە، ئەوەتا بەمـلاولادا خەریکە بکەوێت و تۆش هەر پیایدا دەکێشیت؟"

کوڕەکە کە ناوی نەوزاد بوو، سەیری هەموو ئەو کوڕانەی کرد و گوتی: "دەزانن ئەگەر باوکم لەگەڵ نەبوایە دادەبەزیی و دەیدامە بەر دار، هەر بۆیە باوکیشم لێم تووڕە بوو، گوتی: "کوڕم تۆ حەقت چییە بەسەرەوە، بەم ئێوارەیە بۆچی تووشی شەڕمان دەکەیت!؟"

نەوزاد دەستی دا بە یەکدا و بە تەوسێکەوە پێکەنیی و گوتی: "دەزانن خاوەن گوێدرێژەکە چیی گوت؟ گوتی وا خەریکە شەو دادێت، دوورە دەمەوێت خێرا بگەم، ئەمیش وردە وردە و لەسەرخۆ دەڕوات بە ڕێوە، دەڵێیت خەوتووە و تۆپیوە".

باوکیشم پێی گوت: "نابینیت باری قوڕبەسەرەکە چەند قورسە و تۆش لەسەری دانیشتوویت و دەتەوێت ڕا بکات، خۆ عەرەبانە و ئۆتۆمبێل نییە، ئەویش گیان و هەستە".

نەوزاد جارێکی تر سەیری کردن و گوتی: ئەم کارە هەر وا ئاسان نییە و لەوانەیە هەندێک جار تووشی لێدان و شەڕ بین، تریفە و دوو هاوڕێ کچەکەی کە یەکیان ناوی ڕووجوان و ئەوی تریشیان ناوی شیلان بوو، تەمەنیان بەقەدەر تریفە دەبوو، واتە چواردە-پازدە ساڵ دەبوون، هاتنە قسە و هەریەکەیان بۆچوونی خۆی دەربڕی، شیلان گوتی: "ئینجا ئەگەر ئێمە لە تووڕەبوون و لێدان و بەگژداهاتنی ئەو خەتابارانە بترسین، کەواتە هیچ... هەرکەسەمان با بچێتەوەماڵی خۆی".

ئەم جارە تریفە بە گەرمییەوە گوتی: "شیلان ڕاست دەکات، کەواتە ئێمە باسی چی دەکەین؟ دەبێت گوێ نەدەینە هیچ شتێک ئەگەر بمانەوێت ئیشەکەمان و کۆمەڵەکەمان ناو دەربکات و سەر بکەوێت. جارێکیان تووشی شەڕ بووین، دوو جاریش قڕە و لێدان".

لێرەدا ڕووجوان بە پێکەنینەوە هاتە قسە و بۆ تریفەی تەواو کرد و گوتی: "وەکو تریفە دەڵێت، جارێک تووشی شەڕ بووین و دوو جار توشی لێدان و قژڕاکێشان بووین، بەڵام بەو کارە ناو دەردەکەین و خەڵک باسمان دەکات، کە بڵێن منداڵ و گەنجی وا داهاتوون، وا بزانم ئەوسا زۆر کەس یارمەتیمان دەدەن، هەروەها ڕەنگە گەورەکانیش تەریق ببنەوە و ئەوانیش لەسەرمان بکەنەوە و وەکو ئێمە خەریکی ئەو کارە بن.

وریا و کوڕەکانی تر چەپڵەیەکیان لێ دا و هەریەکەیان دایانە قاقای پێکەنین و خۆشحاڵیدەربڕین، گوتیان: "وەڵڵا ئەو کچانە ڕاست

دەکەن و لە ئێمە باشتر بیر دەکەنەوە." کچەکان بە یەکەوە دایان لە قاقای پێکەنین و گوتیان: "ئەی چی! ئێوە وا دەزانن هەر خۆتان دەتوانن ئەو ئیشانە بکەن و خۆتان هەڵکێشن بەسەرماندا".

ڕووجوان گوتی: "ئێمە هەندێکمان لە تەمەنی حەوت-هەشت ساڵییەوە کتێب و گۆڤار دەخوێنینەوە، بۆیە هەندێک لە کچەکان زانیاریی زۆریان پەیدا کردووە لەو خوێندنەوەیە و مێشکیان پڕ بووە لە شارەزایی.

نەورۆزی خاوەن گیسک پێکەنیی و دەستی دا بە یەکدا و گوتی: "بەڵێ کچەکان لێمان بوونەتە فەیلەسووف، وەکو مامۆستاکەمان گوتەنی لە پۆلدا بە خولەی مام عەلیم دەڵێت تۆ هەر بوویت بە فەیلەسووفی نەخۆشیی ژماردن و بیانووگرتن و ڕاکردن لە وانەخوێندن".

بەو قسەیە هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین و هەڵا، بەتایبەتی ڕووجوان و کچەکانی تر گوتیان: واتا ئێمە واین و گاڵتەمان پێ دەکەن؟"

وریا هەڵیدایە و گوتی: "نە بە خودا باوکم سەکانتان زۆر ڕێکوپێکە و زۆر جێی باوەڕن.

لە کۆتاییدا ئەو منداڵانە بڕیاریان دا تاوەکو پێیان بکرێت خەڵک هان بدەن نەهێڵن ئازاری پشیلە و سەگ و باڵندە و کۆتر و چۆلەکەی بچکۆلەی بەستەزمان بدەن، هەروەها لە دەشتودەر و شاخوداخیش خەڵک دەست لە ڕاوکردن هەڵبگرن و ئەو ئاسکە باریکە چاوجوانانە نەکوژن و ڕاویان نەکەن، لەگەڵ کەروێشکی خرپنی ئێسکسووک و هەموو جۆرە ئاژەڵێکی تر.



بڕیاریـان دا هەرکەسـەیان یەکەم شـت بە دایـک و بـاوک و مـاڵی خۆیان بڵێن تاوەکو ئەوانیش هان بدەن وا بکەن و پشـتگیری لەو بیر و هەسـتەیان بکەن تـاوەکو ئەگەر جارێـک یەکێکیـان تووشـی شـەڕ و قڕە بوو، ئاگاداریان بن و لە سەریان بکەنەوە.

دوای دوو هەفـتەی تـر، دیسـان ئەو مێردمنـدالانە کۆ بـوونەوە لە هەمان شوێنی جارەی پێشوویان، ئەم جـارە هەموویـان سـەرکەوتوانە قسەیان دەکرد و ورەیان بەرز بووبووە، هەر کەسەیان بە خۆشییەوە باسی باوک و برا گەورەکەی دەکرد کە چەند دڵیان خۆش بووە بەم داواکاری و ئـارەزووەی ئەم کوڕەیـان کە چۆن بیری کردووەتەوە و چەند کوڕەکەیان دڵخۆشـکەر و پڕ هەسـت و نەسـتە و حەز بە کـاری خراپ و دڕندانە ناکات.

خۆی و هاوڕێکانی ئەم بڕیارەیـان داوە کە هەنـدێک جـار گەورەش بیـری لە ئیشـی وا نەکـردووەتەوە، بە پـێچەوانەوە بـاوک و کەسـیان دەستخۆشــییان لــێ کــردوون بــۆ ئەم بیــر و هەســتە بەرزەی کە هـاتووەتە خەیـاڵ و مێشـکیانەوە، کە وا گوتوویـانە ئـێمە بۆیە نیـازی دروسـتکردنی ئەم کۆمەڵەیەمـان هەیە، چـونکە حەز دەکەیـن هەمـوو کەس بە خۆشـی و بە ئاشـتی و بە سەربەسـتی بـژین، هەمـوو کەس یەکترییــان خــۆش بوێــت تــاوەکو دار و بەرد و درەخــت و ئــاو و کانیاویشیان خۆش بوێت، دیارە لە سەروو هەمووشیانەوە و لە پـاش خودای گەورەش میللەت و وڵاتەکەی خۆیان خۆش بوێت.

ئیتر ئەو کەسـە هەمیشـە سـەرفراز و خۆشەویسـت و دڵنیـا دەبێت کە چـووە سـەر جێگەکەی بنوێـت، ئەوەنـدە ویژدانـی ئـارام و پڕ بـڕوا دەبێت کە سەری کردە سەر سەرین بنوێت، خۆشترین خەو بکات، بە پـێچەوانەی مرۆڤـی خـراپ و دڵـڕەق کە ئـازاردەری مـرۆڤ و ئـاژەڵن،

کاتێک دەچن بنوون، لەتاو گوناهەکانیان ناخۆشترین خەو دەبینن و بە زەحمەتیش ئەتوانن خەو بچێتە چاویان لەتاو ئەو تاوانانەی کردوویانە.

ئەمانە بە شەو و بە ڕۆژیش بە هەر کوێیەکدا تێبپەڕن، خەڵک چەمۆڵەیان لێ دەنێت و لە ژێرەوە جنێویان پێ دەدەن. ئەوانەی وا خراپن هەمیشە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا ڕیسوا و سەرشۆڕن.

٢٠٠٧/٢/٢١

## مانگە شەوی مەستان و سابێ

لە ساڵانێکی زۆر دووری لەوەوپێش، چەشنی ئەم چیرۆکە ڕووی دەدا، بەتایبەتی لە شوێنی دوور، لە ئاوایی و شار وەکو لە ناو کەژ و کێوی زۆر بەرز و سەختدا هەندێک جار هەر ئاسکەکێوی و بزن و ئەو جۆرە ئاژەڵە سوکەڵە و قەدباریکانە دەیانتوانی بەو ناوانەدا بە ئاسانی بێن و بڕۆن، بەڵام مرۆڤ لەو ناوچە سەختانە دەژیا، چونکە کوێستانی خۆش و دڵگیری پڕ لە خێر و بەرەکەتی لێ بوو.

کانیاو و پلووسکە ئاوی پاک و خۆش و شیرین و چاوڕوونکەرەوە و دارمیوەی تری لێ بوو، بێجگە لە هەزارەها دار و درەخت و دارگوێز و بادەمی نایاب و میوەی جۆراوجۆری پڕ چێژ و کە بووبوونە خۆشترکردنی ژیان.

ئەو عەشرەت و خێڵ و کەسانەش هەر لەوێ ژیابوون و ئەوەندەی تر ئەو ناوچانەیان ئاوەدان و خۆشتر کردبووەوە. پیاوانیان خەریکی ڕەز و باخ بوون. شوانەکانیش خەریکی مەڕ و ماڵات و

ئاژەڵداری بوون، ژنیش خەریکی بەخێوکردنی منداڵ و ماڵ و خێزانیان بوون. بە هاوینان لە ناو ڕەشماڵاندا دەژیان و زستانانیش لە ترسی سەرمای زۆر دەچوونە خانووی لە قوڕ دروستکراوی بچووکەوە، چونکە کوێستان خۆی بە هاوینان سارد و خۆشە، چ جای زستانان!

ئەو شاخە سەخت و بەرزانە، لە زۆر شوێنی کوردستانی خۆشەویستمان هەن، بەتایبەت لە ناوچەی بادینان کە لە نزیک شارەکانی دهۆک و ئامێدی و سەرسەنگ و زاخۆن لەسەر سنووری دروستکراوی نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیا.

لەڕاستیدا کوردستان هەر یەک پارچە و یەک خاکە، بەڵام کاتی خۆی، پێش چەندەها ساڵ هەندێک لە دەوڵەتانی زۆردار ئەم کوردستانەی ئێمەیان وا دابەش کردووە و سنووریان بۆ جیا کردووەتەوە، بۆیە دەڵێم سنووری دەستکرد، ئینجا لەو ناوچە و شاخە سەخت و هەزاربەهەزارانە، لەو ساڵ و کاتە دوورانە و لەو ناوچەیە و لە ناو ئەو دێهات و خێڵانە ژنێک هەبوو ناوی مەستان بوو.

مەستان ناوبانگی دەرکردبوو کە ژنێکی زۆر ئاقڵ و زیرەک و ئازایە، لە هیچ شتێک ناترسێت لە خوا زیاتر. کەسێکە ئیتر قەت ناترسێت، مەستان ژنێکی چوارشانەی ئێسکسووکی بە قەد و باڵا بوو.

دیارە لەو ناوچە شاخاوی و سەختانە ئاژەڵی کێوی هەبوو، وەکو ورچ و گورگ و پڵنگ و ئەو چەشنە ئاژەڵە کێوی و دڕندانەی کە هەر شتێکیان بەردەست بکەوتایە دەیانخوارد، ئەویش خەتای خۆیان

نەبوو، ئەوان لەو ناوچە سەختانە بووبوون و کەس نەبوو هیچیان پێ بدات بیخۆن و فێری بن.

هەروەها زۆریش دەترسان لە ڕاوچی و زەلامی تفەنگدار، کە هەر چاویان پێیان بکەوتایە بە گولە، فیشک پێش گولە و فیشەک داهاتنیش بە تیر و کەوان دەیانکوشتن، بۆیە هەمیشە لە ترسدا بوون لە دەست مرۆڤ و ئادەمیزاد.

ئەگینا ئەگەر شتێک هەبوایە بیخۆن و کەسێک نەیکوشتنایە و گوێیان پێ بدات، ئەوانیش وا دڕندە نەدەبوون و لە ترسی ژیانی خۆیان هەر شتێکیان بەردەست بکەوتایە نەیاندەخوارد وەکو مەڕ و گا و بزن بگرە تاوەکو مرۆڤیش.

ئەگینا ئەوەتا هەر لە شێوەی ئەو ئاژەڵە دڕندە کێوییانە لە شارە گەورەکان و لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، پارک و خانوو و ژوور و شوێنی حەوانەوەیان هەیە وەکو ئاژەڵی جوان و ئاقڵ بێدەنگ دەژین تاوەکو خەڵکیان ئەوەندە خۆش دەوێت کە دەچنە لایان بۆ سەیرکردنیان، هەندێکیان وەکو ورچ و مەیموون دەستیان بۆ درێژ دەکەن و یارییان لەگەڵ دەکەن بەتایبەت یاری لەگەڵ منداڵەکان دەکەن.

ئەمانیش بۆیە وا باشن و مرۆڤدۆستن، چونکە لەوێ بەخێو کراون و لەوێ نانیان پێ دەدرێت و حکومەت خەرجیی خواردنیان بۆ دەکات و سەدان کەس لەو باخە خزمەتیان دەکەن، دکتۆر دەچێت سەیریان دەکات و نەخۆشیان چارەسەر دەکات، ئیتر ئەوانیش وەک ئاژەڵی دەستەمۆ وماڵییان لێ دێت.

یەکێک لە گەورەترین ئەو باخچەی ئاژەڵانەی کە هەیە لە دنیادا، باخچەی ئاژەڵانی لەندەنە کە پێی دەڵێن "زوو". لەوێ سەدان مەیموون

و ورچ و شــێر و گــورگی لێــیە تــاوەکو باڵنــدەی زۆر بچــووک و گەورەش، تەنـانەت مـار و دووپشـک و کیسـەڵ و قـرژاڵ و ماسـی و تیمساح... ئەمانە هەموویان ژوور و شوێنی خۆیان هەیە.

هەر چەشــنە لەگەڵ چەشــنی خــۆی لە یەک حەوشــە و ژووردا پــێکەوە دەژیــن، بــۆ بــاڵەفڕکردنی باڵنــدە گەورە و بچووکەکــانیش تەلبەنــدی گەورە گەورە هەیە، کە هەر یەکێکیــان هێنــدەی بــاخێکی تەواون بـۆ ئەوەی ئەو باڵنـدانە تـا هەسـت نەکەن لە زینـدانـدان، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ورچ و گورگ و پڵنگانەی لەو نـاوچە شـاخاوییانەی لەوەوپــێش باســمان دەکــردن هەر وا بەڕەڵا و هەمیشــە ژیانیــان لە ترســدا بــووە، ئەمەش لەبەر کوشــتن و ڕاوکردنیــان بــووە لە لایەن مرۆڤەوە، بۆیە ئەوانیش وا دڕنـدە بوون و لەتاوانـدا پەلامـاری هەمـوو شتێکیان دەدا.

ئەو شوێنە شاخاوی و سەختانەی کە باسمان کرد، ئاژەڵی کێویی زۆری لێ بوو، لە هەمـان شـوێندا ئەو ژنە ئازایەی لێ بوو کە نـاوی مەستان بوو، ڕۆژێکیـان لە ڕێگەی کانی و ئاوهێنـان بوو بە گۆزەوە بۆ ماڵەکانیـان. چەند ژنێک پێکەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیـان تـا ئـاو بەرن بــۆ مــاڵ و منــداڵیان بــۆ ئــاوخواردنەوە و دەموچاوشــتن و چێشتلێنان و ئەو کارانە... ئەو کۆمەڵە ژنە مەستانیشیان لەگەڵدا بوو، ئەویش ئاوی هەڵگرتبوو بۆ ماڵی خۆی.

ژنەکـان هەموویـان هـاوڕێی یەکتـری بـوون، لە ڕێـگەی کـانی، لە ڕێگەی ماڵەکانیـان هەمیشـە بۆ خۆیـان قسـەیان دەکرد و پێدەکەنین، نـوکتە و قسـەی پێکەنیناوییـان بـۆ یەکتـری دەگێـڕایەوە، هەنـدێکی تـر باسی شەڕ و نـاکۆکیی مـاڵە دراوسـێکانیان دەکرد، یەکێکی تر باسـی چــوونی مێــردی یەکێکیــانی دەکــرد بــۆ نــاو شــار، بارەگوێزەکــانی

بفرۆشێت و لەوسەر کە هاتووەتەوە چەند جل و کەلوپەلی جوانی بۆ دایک و باوک و ژنەکەی و منداڵەکانی کڕیوە.

یەکێکی تریان دەیگوت منیش مێردەکەم ئەوەندە تەنبەڵە، هەر دەنوێت و هەمیشە شەڕمانە."، لەناو ئەو قسانە و ئەو پێکەنینەدا بوون مەستان گوتی: "لە بیرتان نەچێت سبەینێ بەیانی تاریک و ڕوون دەبێت بچین بۆ سەر چەم تاوەکو جلی ماڵ و منداڵمان بشۆین و دواتریش سەرمان بشۆین.

هەموویان گوتیان: "ئەی چۆن لە بیرمان نییە، هەموومان کۆڵ و بارەکانمان ئامادە کردووە و تەشت و سەتڵ و سابوونیشمان ئامادەیە".

لەو کاتەی ئەو ژنانە ئەم قسانەیان دەکرد و پێدەکەنین، دوو ورچی زل و گەورە کە خوشک و برا بوون و زۆر لە مرۆڤ دەچوون، لەو ئەشکەوتە نزیکانە خۆیان شاردبووەوە و ئەو ئەشکەوتانە ماڵ و خانوویان بوو، بەڵام ئەو ورچانە گوێچکەیان زۆر بەهێز بوو، هەندێک لە دوورەوە لە ترسی ژیانیان گوێیان لەو قسە و باسانە دەبوو، هەروەها زۆریش فێڵباز بوون، دەیانتوانی کەمێک شێوەی خۆیان بگۆڕن و وەکو مرۆڤ بە ڕاوەستان و بە پێوە بڕۆن، کەمێکیش لاسایی خەڵکیش بکەنەوە و دەنگ لە خۆیان دەربهێنن کاتێک قسە دەکەن.

ئەو دوو ورچە گەورەیە گوێیان لە قسەی ژنەکان بوو، کە وا بەیانیان تاریک و ڕوون دەچن بە شوێن یەکتریدا تاوەکو بڕۆن بۆ سەر چەم بۆ جلشتن و سەرشتن، چونکە لەو ناوانە فێری گەرماوی گەرم نەبوون، بگرە ئێستا و لەم کاتانەشدا کە ژیان زۆر پێشکەوتووە، چ جای ئەو کات و زەمانەی پێش چەندەها ساڵ،

ئێستاش زۆری خەڵکی بادینان گەرماوی گەرمیان نییە، گەرماوی ساردیان هەیە پێی دەڵێن "سەرشۆرک" و زەوییەکەی گەرم ناکەن وەکو ناوچەکانی تری وەک سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و موسڵ و شوێنانەکانی تر. خەڵکی بادینان زۆر ڕقیان لە گەرماوی گەرمە، ئەمە لە ناوشار وایە چ جای لە لادێ و لە ناوچە شاخاوی و سەختەکان! بۆیە ئەو کۆمەڵە ژنە وەکو هەموو جارێکیان دەچوونە سەر چەم بۆ سەرستن و جلشتن.

ورچەکان کە گوێیان لە قسەکانی ژنەکان دەبوو، بە ئەسپایی دەکەوتنە قسەکردن لەگەڵ یەک. ورچە خوشکەکە زلێکی زۆر توکاوی بوو، هەمیشە ئاگای لە خۆی نەبوو لەبەر ئەوەی ئەوەندە لەش و پرچە چڕوپڕەکەی دەخوراند، چونکە پڕ بوو لە ئەسپێ و قالۆنچە و ئەو جۆرە شتانە، بۆیە هەمیشە دەستی بە سەریەوە بوو، ورچەکە بە ئەسپایی بە براکەی گوت: "خۆ گوێت لێ بوو ئەو ژنانە چییان دەگوت، بە خوا خۆم دەزانم چییان بەسەر دەهێنم، دەچم فێڵیان لێ دەکەم، قەپاڵ لە یەکێکیان دەگرم و قوتی دەدەم، چونکە زۆرم برسییە. ئەم خەڵک و مرۆڤانە ناهێڵن بێینە دەرەوە لەم کون و ئەشکەوتانە و بۆ خۆمان هەوڵی خواردنێک بدەین، ئاخر ئێمەش برسیمانە و دەبێت خۆمان تێر بکەین".

ورچەکەی برای گوتی: "کچێ تۆ چۆن دەتوانیت وا بکەیت و بچیتە لای ئەو ژنانە! بە خوا هەر زوو دەتناسن و دەقیژێنن، پیاوەکانیان گولەیەکت پێوە دەنێن و دەتکوژن، بە قسەی من دەکەیت هەقی ئەو ژنانەت نەبێت" ورچەی خوشکی هەستایە سەر پێ و دەستێکیشی بە سەرە هێلانەکەیەوە بوو دەتگوت هێلانەی ئەسپێ و ڕشک و قالۆنچەیە، گوتی: "تۆ ڕاوەستە بە خوا ئەمشەو یان من دەبم یان ئەو

ژنەی نــاوی مەســتانە و هەمــوو کەس هەر باســی دەکەن و پیایــدا هەڵدەدەن، هەر کەس بێرەدا تێبپەڕێت هەر باسی ئەو دەکات".

ورچەی بــرای گــوتی: "کەیفــی خــۆتە مــن نــایەم بە دەنگــتەوە و لەسەرت ناکەمەوە، چونکە منیش بەر گولە دەدەن". ورچەی خوشک گوتی: "نـا... نـا تـۆ هەر مەیەرە دەرەوە، مـن چـیم دەسـتکەوت بەشـی تۆش دەهێنم بیخۆیت".

وەرزی زستان بوو، دنیا زۆر سارد بوو. ئەو چەند ڕۆژە بەفرێکی زۆر بارییبوو، بەڵام کردبووی بە سایەقە و ئەو شـەوە مانگەشـەوێکی خـۆش بـوو، یەک پەڵە هەور بە ئاسـمانەوە نەبـوو، بـۆیە دار و بەرد هەمووی بەسـتبووی. مانگەشـەوێکی زۆر ڕوونـاک و دیمەن دڵگیـر و جوان بوو.

مـانگەکە بە شـەوق و ڕوونـاکییە زیـوییەکەی، بەسـەر ئەو شـاخ و دۆڵ و هەوراز و نشـێوانەدا بـڵاو بووبـووەوە و ئـارامی و هێمنییەکـی زۆری بەخشـیبوو بەو دەوروبەرەدا، بـۆیە خەڵـک کاتێـک بـۆ ئیشـێک ناچـار دەبـوو بهاتنـایەتە دەرەوە لەو خـانووە بچکـۆلە نزمانەیـانەوە، وایان دەزانی هەر ڕۆژی ڕووناکە، ورچی سەرهێلانە لە خوای ویست شـەو وا خـۆش و گەشـە، بێگومـان ژنەکـان ئێسـتا دەکەونە ڕێ بەرەو چەم و سەرئاو، بۆیە هەستا خۆی گرمۆڵە کرد و پەڕۆیەکی هەبوو کاتی خۆی یەکێک لە ژنەکان لەسـەر چەمەکە بیری چووبوو کاتێک چووبوون جل بشۆن، بۆیە ورچەی سـەرهێلانە بردبووی بۆ خـۆی و ئەو شــەوە چــوو دەریهێنــا کە لە پەنــایەک لە نــاو ئەشــکەوتەکەدا شاردبوویەوە.

ســەعات نزیـک دوازدەی شــەو بـوو، دەمێـک بـوو ئەو خەڵکـی دێهاتانە نووستبوون، چونکە ئەوان بەیانیان زۆر زوو لەگەڵ چۆلەکە

و باڵندەکان هەڵدەستان و هەر لەگەڵ ئەوانیش زوو دەنووستن، بۆیە دێیەکە خاڵی و بێدەنگ بوو. ئەویش پارچە پەڕۆکەی بەسەریدا دا، پەڕۆکەش زۆر گەورە بوو، لە خۆی پێچایەوە و بە دزییەوە خۆی گەیاندە لای ماڵی مەستان و چووە نزیک دەرگاکە، بە دەستە درێژە تووکاوییەکانی تەپ تەپ لە دەرگای دا، مەستان چونکە خۆی ئامادە کردبوو، خەوەکەی پچڕ پچڕ بوو، لەبەر ئەوەی دەبوو هەستێت و ئێستا ژنە هاوڕێ و دراوسێکانی بە دوایدا دێن تا بڕۆن، لەبەر ئەوە هەر گوێی لە تەپەی دەرگا بوو ڕاپەڕیی و گوتی: "ئێ... ئێ... باشە وا هاتم".

ورچەی سەرهێلانەی فێڵباز دەنگی خۆی وەک یەکێک لە هاوڕێکانی مەستان لێ کرد کە ناوی سابێ بوو، گوتی: "دەی مەستان هەستە ڕۆڵە ئەوانی تر هەموو ڕۆیشتن و گوتیان ئێمە پێش ئێوە دەکەوین و ئاگر و ئاگردان حازر دەکەین تاوەکو تۆ و مەستان دێن. مەستان چاوخەواڵوو بە پەلەپەل سەرولەچکی توند بەست و هەستایە سەر پێ، لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئەیەڕۆ بۆ وا درەنگ خەبەرم بووەوە، بەڵام بە خوا هێشتا لە زوو دەچێت ئێمە هەموو جارێک سەعات پێنج و شەش دەڕۆین".

مەستان گوڕی دایە خۆی تا بچێت شتەکانی بدات بە کۆڵیدا هەرچەندە خەواڵووش بوو، بەڵام باوێشکێکی دا و بە زەردەخەنەیەکەوە دەنگی کەمێک بەرز کردەوە کاتێک نزیک دەرگاکە بوو، چونکە ماڵ و منداڵەکانی هەموو نووستبوون و گوتی: "ئەرێ سابێ ئەوە بۆ نایەیتە ژوورەوە تاوەکو خۆم کۆ دەکەمەوە، بەم سەرمایە بۆ لەوێ ڕاوەستاویت؟"



ورچەی سەرهێلانە دیسان دەنگی خۆی وەکو سابێی هاوڕێی لێ کرد و گوتی: "نا... نا نایەم تۆ هەر زوو بکە با فریا بکەوین".

لەگەڵ ئەم قسانەدا مەستان هاتە دەرەوە و بە ئەسپایی دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست، سەیری کرد کەس لە بەردەرگا نییە! کاتێک ئاوڕی دایەوە سەیر دەکات سابێ لە دوورەوە وەستاوە، مەستان دیسان پێکەنیی و گوتی: "ئەیەڕۆ ئەوە بۆ وا دوور کەوتوویتەوە، دە مەڕۆ جارێ با منیش بتگەمێ و پێکەوە بڕۆین". ورچەی سەرهێلانە دەترسا مەستان بیبینێت لە نزیکەوە و بزانێت ئەمە هاوڕێکەی نییە و ئەوە فێڵی لێ دەکات، خوا دەزانێت دوایی چی بەسەر دەهێنێت، لەبەر ئەوە بە مەستانی گوت: "قەینا مادام بەفرە من لە پێشەوە دەڕۆم تاوەکو ڕێگەت بۆ خۆش بکەم".

مەستان سەری سوڕما، هەرچەندە ئەویش کەوتە ڕێ، بەڵام دڵی تۆزێک کەوتە مەراقەوە و ئەو قسانە نەچوو بە مێشکیدا، بەتایبەت کاتێک سەیری کرد ئەو زەلامەی پێی دەڵێت من سابێی هاوڕێتم هەر ڕا دەکات و نایەڵێت نزیک بێتەوە لێی، قەد و باڵا و ڕۆیشتنیشی هیچ لە سابێ ناچێت، ئەمە زۆر زلە و بە خێچوخواری دەڕوات، هەنگاوی زۆر گەورە دەهاوێت و ئەو متیلە زلەشی داوە بە سەریدا؟! مەستان چاری نەمابوو ئەویش هەر دەڕۆیشت و بیری لێ دەکردەوە کە ئەگەر ئێستا بقیژێنێت یاخود ڕا بکاتەوە بۆ ماڵەوە ڕەنگە ئەم شتەی ئێستا خۆی کردووە بە سابێی هاوڕێی پەلاماری بدات، بەتایبەت کاتێک هەنگاوی زۆر خێرا و گەورەیە، ئەی چی بکات باشە؟

مەستان هەروەکو پیشەی خۆی کە زۆر ئازا و ئاقڵ بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "با جارێ وردە وردە لە دوایەوە بڕۆم تاوەکو بیرێک دەکەمەوە کە چی بکەم...؟ لەو کاتەدا مەستان ئەم بیرەی دەکردەوە لەپڕدا لە دوورەوە دێوە زلەکەی خۆی کردبوو بە سابێ، ڕاوەستا و

به دەنگێکی وەکو منگەمنگەوە گوتی: "دەی مەستان زوو بکە ئیتر تۆ لێرەوە پێشم بکەوە من لە دواتەوە دەڕۆم. مەستان لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەرێوەڵڵا وا بوو وەک بۆی چووم، ئەمە دەعبایەکی دڕندە و کێوییە کە زۆر کەس پێیان دەڵێن دیوی مرۆڤخۆر، بە خوا تەواو ئێستا پەلامارم دەدات، بەڵام مەستان خۆی نەشڵەژاند و بە دەنگێکی بەرز گوتی: "ئاخر من بارم قورسە ناتوانم وەکو تۆ خێرا بڕۆم، من کۆڵێک جلم بەسەر شانەوەیە لەگەڵ تەشت و مەنجەڵ و سەتڵ و هەندێک داری وشک، بۆیە من ناتوانم وەکو تۆ بڕۆم، هەروەها هێشتا چەمەکە ماوەیەکی ماوە تاوەکو بگەین.

دێوە کێوی دیسان دەنگێکی لە خۆی دەرهێنا و گوتی: "کەیفی خۆتە من دەڵێم تاوەکو زوو بگەینە لای هاوڕێکانت وا لەسەر چەمی ئاوەکە چاوەڕێت دەکەن."

مەستان خۆی ئازا کرد و گوڕی دایە خۆی و گوتی: "هاوڕێی چیم لەسەر چەمی ئاون! وا ئێستا هەموویان نووستوون تۆ شەوت لێ تێک چووە؟ ورچەکەش گوتی: "کوا شەوە؟ ئەوەتا بەرەبەیانە". مەستانیش وەڵامی قسەکەی دایەوە و گوتی: "ئەمە لەبەر مانگەشەوەکە وا دنیا ڕووناکە، تۆ لێت تێک چووە، ئێستا زۆر زووە هێشتا سەعات دوازدەی شەو نەبووە." مەستان وای پیشان دا کە ڕاست دەکات ئەوە سابێی هاوڕێیەتی و بڕوای پێ کردووە، بۆیە مەستان وا قسەی لەگەڵدا دەکرد هەر وەک ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکیدا قسە بکات، بۆ ئەوەی ئەو دڕندەیە دڵی خۆش بێت و وا بزانێت توانیویەتی مەستان بخەڵەتێنێت.

هەندێکی تر ڕۆیشتن و زۆری نەما بگەنە چەمی ئاوەکە، مەستان دیسان بانگی کرد و گوتی: "ئەوەتا نەمگوت تۆ شەوت لێ تێک چووە،

ئەوەتا چەم کەسی لێ نییە، کوا کەس لێرەیە؟ کوا ئاگرەکانیان؟ دێوە کێوی لە ژێر پەڕۆ زلەکەی سەر سەریەوە پێکەنیی و دانە کەڵبە زلەکانی لە یەک سوو و گوتی: "نا... نا دڵت هیچ نەکات ئەگەر لێرە نەبن ئێستا دێن بۆ لامان، لە ژێر پەڕۆکەی سەر سەریشی هەر سەری هەڵدەکڕاند و لەشی دەخوراند. ئاخری گەیشتنە سەر ئاوەکە و دێوە کێوی لە مەستان هاتە پێشەوە و گوتی: "ڕاست دەکەن تۆ زۆر ئازا و زیرەکیت، هەر زوو زانیت من هاوڕێکەت نیم کەچی خۆیشت تێک نەدا و هەر لەگەڵمدا هاتیت، بەڵام من هیچت لێ ناکەم ئەگەر سەرم پاک پاک بشۆیت و لەشم بۆ بشۆیت.

مەستانی داماو سەری سوڕما و سەری لێ شێوا کە ئەم دێوە زلەی بینی، لە بەرانبەر خۆی سام گرتی و ترسا، بەڵام دیسان خۆی بەهێز پیشان دا و گوتی: "ئینجا قەیچێکە بە خێر بێیت بەسەر چاو، سەرت پاک دەشۆم و دەرمانی ڕشک و ئەسپێشم پێیە بۆت پێوە دەکەم و جوانت دەکەم، قەیچێکە هەموو شتێکت بۆ دەکەم و دەبین بە هاوڕێی یەک. دێوە زلەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەرێ بە خوا بە سەری خۆت هەر سەرمت شت و تەواوت کرد دەتکەم بە یەک قەپاڵ، تۆ جارێ بۆم ڕابوەستە"، ئینجا سەیرێکی مەستانی کرد و گوتی: "ئەی چۆن ئیتر دەبین بە هاوڕێی یەکتری، هەر تۆ سەرم بۆ بشۆ".

مەستان کۆڵێک جل و مەنجەڵ و تەشتی داگرت کە بە کۆڵیەوە بوون. بە پەلە کەوتە بەرد کۆمەڵکردن بۆ ئاگردان دروستکردن. چوو داری کۆ کردەوە و بە دارە وشکەکانی کە هێنابوونی، ئاگری کردەوە و داری کۆکراوەشی خستە سەر و بوو بە ئاگرێکی زۆر گەورە و خۆش. مەستان مەنجەڵی ئاوەکەی لەسەر دانا و بە جام کەوتە پڕکردنی. مەنجەڵ پڕ بوو، مەستان زۆر دەترسا و دڵی کەتبووە

پەلەپەل، بەڵام هەر خۆی بەهێز و ئازا دەکرد و هەر لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئۆە قوڕی بەسەر، بە خوا ئێستا لەجیاتی ئەو پەلامارم بدات و بمخوات بزانە من چی لێ دەکەم، نابێت بترسم و بشڵەژێم، دەبێت بە ئەقڵ و بیرکردنەوە هەقی خۆمی لێ بکەمەوە، هەرچەندە ئەو دڕندە و زل و کێوی بێت، بەڵام مرۆڤ ئاقڵترە، تەنها نابێت من خۆم بترسێنم و بڕووخێم. مەستان خەریکی ئاو و ئاگرکردنەوە بوو، جارێ پێش هەموو شتێک سەتڵێکی پڕ کرد لە ئاوی شلەتێن، هەروەها تەشتەکەشی پڕ کرد و جامێکی زلی خستە ناو سەتڵەکە، بەڵام زوو زوو ئاگری ژێر مەنجەڵەکەی خۆش دەکرد کە زوو مەنجەڵە زلەکەی سەری بێتە کوڵ و زۆر کوڵ بێت هەر وەک ئاوی کتلی و سەماوەری چالێنان.

مەستان لەگەڵ ئەو کارانەی دەیکرد لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "قوڕ بەسەری با جارێ بێت دابنیشێت لە بەردەممدا، با جارێ ئەم ئاوە شلەتێنانەی پێدا بکەم..." مەستان خۆی گورج کردەوە و قۆڵ و فەقیانەکانی هەڵکرد و سەیرێکی دێوەی کرد و گوتی: "دەی دەی وەرە با تێر سەرت بشۆم و ئەم ئەسپێ و قالۆنچانەت لە کۆڵ بکەمەوە و دەرمانی ئەسپێ و قالۆنچەشم پێیە. دێوە کێوییەکە بە لەشە تووکاوی و سەروپرچە وەک هێلانە ئەسپێ و قالۆنچەکەیەوە هاتە نزیک مەستان و گوتی: "تۆ سەرم پاک بکەرەوە بزانە چۆن دەبم بە هاوڕێت و بزانە کە ئیشت پێم بوو چیت بۆ دەکەم" لە دڵی خۆیشیدا سەیری مەستانی دەکرد و دەیگوت: "بە خوا زۆرم برسییە بە سەری خۆت ئێستا لوولت دەدەم و دەتخۆم و بەشی براکەشم دەبەم".

ئێستا ئەو لە من برسیترە، بەڵام ئەو تەمەڵە و وەکو من هەوڵ نادات و نایەتە دەرەوە نەک هەر تەمەڵە، بەڵکو ترسنۆکیشە، ئەو دەڵێت نەوەکو گولەیەکم پێوە بنێن، هەر وەک تەنبەڵ و تەوەزەل پاڵ

دەکەوێت و بە من دەڵێت دەی بڕۆ خواردنم بۆ پەیدا بکە، ئاخر بۆیە وا سەرم پڕ بووە لە قالۆنچە و ئەسپێ، چونکە ماوەم نییە دابنیشم خۆم پاک بکەمەوە و هەر لە ناو دڕکوداڵ و مشک و ماردام، لەبەر ترسنۆکیی ئەو برا تەنبەڵەم.

بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە دێوەکە چووە بەردەمی مەستان دانیشت و هەندێک خۆی گورج کردەوە و ددانەکانی لە یەک سوو و گورج پەلاماری بدات و بیخاتە ژێر خۆیەوە.

مەستان بە درۆ ڕووی خۆی خۆش کرد و گوتی: "وەیش بەسەر چاو هەر ئێستا یەک قالۆنچە ناهێڵم لە سەرتدا، ئیتر بۆ خۆت دەحەسێیتەوە و تێر دەنوویت.

مەستان دەستی برد جامێکی لە ئاوی سەتڵەکە کە شلەتێن و خۆش بوو، کردی بە سەری دێوەکەدا و ئینجا سابوونی پێدا هێنا و بە شانەش کەوتە قالۆنچە و ئەسپێ گرتن. ئەو دەستەی تەواو کرد و جامێکی تریشی پیا کرد و دیسان سابوونی پێدا هێنا و دیسان کەوتە قالۆنچە و ئەسپێ گرتن.

دێوەکە ئەوەندەی پێ خۆش بوو وا کەوتبووە ئارامی و خۆشییەوە، کە مەستان ئەو جامە ئاوانەی پێدا دەکرد و سابوون و کەفی بە سەر و مل و لەشیدا دەهێنا و خەریکی ئەو هەموو قالۆنچە و ئەسپێیانە بوو، دێوە زلە ئەوەندەی پێ خۆش بوو خەریک بوو بگرییی و لە دڵی خۆیدا گوتی: "وای مەستان دەستەکانت خۆش بێت، یەکەم جارە لە ژیانمدا هەست بە خۆشیی وا بکەم". دێوەکە قورگی پڕ بوو لە گریان و لە دڵی خۆیدا گوتی: "سەیر دەبێت من دڵم بێت شتێکی خراپ لە مەستان بکەم و پەلاماری بدەم و بیکوژم، بە خوا هیچی لێ ناکەم، بە پێچەوانەوە دەست و قاچی ماچ دەکەم، چۆن دڵم دێت ئەم ژنە باشەی کە ئەوەندەش ئازا و ئاقڵ بێت من وای لێ بکەم، وەکو ئەوەی بۆم دانابوو.



دێوە زلەکە بە ئەسپایی دەستی بۆ چاوەکانی برد کە لەبەر کەفی سابوونەکە فرمێسکیان دەکرد و دەکزانەوە، کەمێک چاوی هەڵگلۆفی. مەستانیش کە خەریکی سەری بوو، دوای ئەوەی ئەو دوو-سێ جامە ئاوەی پێدا کردبوو، دێوەکە زۆر کەساس و گوناح دەهاتە بەرچاوی، بەتایبەتی کە مووەکانی لەشی هەموو تەڕ بوون و ئێسقان و لەشی لاواز و ڕەق و ڕەگاوی بوون و هەمووی دەرکەوتبوون، گوایە ئەوسا لەبەر تووکەکانی وا زل و گەورە دیار بووە، کەچی خۆی زۆر گوناح و ڕەقەڵە بوو. مەستان کە خۆی ژنێکی زۆر میهرەبان و دڵگەورە و بەبەزەیی بوو، ئەویش بە ئەسپایی خەریک بوو بگریی و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەیەڕۆ چۆن بیری وا خراپم لەم قوڕبەسەرە کردەوە؟ سەیری بکە هەمووی چوار ئێسقانی ڕەقە، نەگبەت و برسی!"

مەستان هەناسەیەکی هەڵمژی و ئاخێکی هەڵڕشت و لە دڵی خۆیدا گوتی: "وەیش نەگبەت! هەر خۆمم بە سەرشتنەکەوە هەڵدەخلافاند تاوەکو ئاوەکەی سەر ئاگرەکەم دەهاتە کوڵ، دەمویست ئەو مەنجەڵە ئاوە کوڵاوە بکەم بە سەریدا و بیکوژم. مەستان زۆر لە خۆی عاجز و نارەحەت بوو، گوتی: "چۆن بیر لە ئیشی وا خراپ دەکەمەوە؟ چۆن دڵم دەهات بەو ئاوە گەرمە بیسوتێنم؟ چۆن دەبێت خەڵک ئەوەندە دڵڕەق و خراپ بێت؟"

مەستان بەژێر لێوەوە گوتی: "ئاخر بۆیە ئەم بیرە خراپەم کردەوە چونکە نەمدەزانی وایە، هەر چۆنێک بێت ناهەقم نەبوو ئەم بیرە بکەمەوە، چونکە فێڵی لێ کردووم و خۆی دێو و دڕندەیە کەچی خۆی کردووە بە هاوڕێم و منی هێناوەتە دەرەوە لە ماڵەکەم، بەم شەوەتاریک و بەم بەفر و سەرمایە، هەرچەند ئێستا خەریکم بۆی بگریم و بەزەیم پێیدا بێتەوە، بەڵام کێ ناڵێت دوایی شتێکم لێ

ناکات؟" لەو کاتەدا دێوەکە وەرگەڕا و سەیرێکی مەستانی کرد و بە کەساسییەوە گوتی: "لێم ببوورە، دەست و قاچت بێنە با ماچیان بکەم، نیازم زۆر خراپ بوو لەگەڵت و خەریک بووم لە ناوت بەرم، زۆر پەشیمانم کە هاتمە سەرت و فێڵم لێ کردیت، بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆر باش بوو کە بۆم دەرکەوت هەموو مرۆڤێک پیاوکوژ و ئاژەڵکوژ نییە.

ئەوەتا مرۆڤ هەیە وەکو تۆ ژنی باش و میهرەبان و بە بەزەیی و دڵگەورەیە، بەڕاستی زۆر سوپاست دەکەم و تاوەکو ماوم دەبمە هاوڕێی دڵسۆزت و هەر باسی چاکەت دەکەم لای هاوڕێ کێوییەکانم کە مرۆڤ هەمووی تفەنگ بەدەست و ئاژەڵکوژ نین. مەستان بە بەزەییەکەوە سەیری کرد و گوتی: "دەبێت تۆش لێم ببووریت، منیش نیازم باش نەبوو، زۆر لێت ترسابووم و دەمویست حەقت لێ بکەمەوە و لە کۆڵ خۆمت بکەمەوە"، مەستان دەستیکی هێنا بە سەری دێوەدا و گوتی: "سوپاس بۆ خوا کە کەسمان هیچمان لە کەسمان نەکرد و ئێستا هەردووکمان بووین بە هاوڕێی یەکتر، منیش بە خوا تاوەکو هێزم تێدا بمێنێت، هەموو ڕۆژێک هەرچی نان و چێشت و خواردنی زیاد بێت بۆت دەهێنمە بەردەمی ئەشکەوتەکەت و قەت بێخواردنت ناکەم.

دێوەکە دەستی مەستانی گرت و نای بە سنگیەوە، هەرچەندە تەڕ و سابووناوی بوو، ئینجا گوتی: "زۆر سوپاست دەکەم، قوربانیشت دەبم کە سەرمت شت و ڕزگارت کردم لەم قالۆنچە پیسانە..." مەستان گوتی: "دانیشە با سەرت تەواو بکەم و لەشیشت بۆ دەشۆم". مەستان دێوەی پاک شت و بە پەڕۆ گەورەکەی کە دابووی بە خۆیدا، وشک وشکی کردەوە و هەندێک لەبەر ئاگردا داینا تا وشک بووەوە.

مەستان ئاوەکانی ڕشت و جلەکانی کۆ کردەوە و گوتی: "دەبێت بڕۆمەوە، هێشتا زۆر زووە بۆ بەیانی، با بڕۆمەوە بۆ ئەوەی کەس ئەم بەزمەی من و تۆ نەزانێت، نەوەکو کەسێک بێتە سەرت و ئازارت بدات، ئەگەرچی من نایەڵم و ئیتر تاوەکو پێم بکرێت وا دەکەم مرۆڤەکان باش بن لەگەڵتاندا، بەڵام دەبێت ئێوەش باش بن لەگەڵ خەڵک و پەلاماری کەس نەدەن".

دێوەکە گوتی: "ئاخر ئێمە لێیان دەترسین، چونکە هەر ئێمە ببینن گولەمان پێوە دەنێن"، دێوە سەیری مەستانی کرد و گوتی: "خۆزگە هەموو کەس وەکو تۆ بوایە، دنیا چەند خۆش دەبوو ئەگەر کەس لە کەس نەترسایە و هەموان بە خۆشی و ئاشتی ژیانیان ببردایەتە سەر". دێوە پەلاماری کوڵ و مەنجەڵ و تەشت و سەتڵ و هەموو کەلوپەلەکانی مەستانی دا وگوتی: "بە خوا من هەموویت بۆ هەڵدەگرم تۆ لە هیچ دەست نادەیت".

گەیشتنە نزیک ماڵی مەستان، دێوەکە کەلوپەلەکانی دانا و خۆی خستە سەر قاچ و قولی مەستان و باوەشی پێدا کرد و بە دەمە گەورە و دانە کەڵبەکانی مەستانی ماچ کرد و گوتی: "تاوەکو دەمرم و هەر دوعات بۆ دەکەم و سوپاست دەکەم". مەستانیش گوتی: "هەموو ڕۆژێک کە دێیەکە بێدەنگ بوو، من خواردن دەهێنم و دەیخەمە بەردەم ئەشکەوتەکەت".

دێوە گوتی: "تو خوا ئیتر زوو مەڕۆرەوە با چاوم پێت بکەوێت، چونکە ئیتر بیرت دەکەم. کە مەستان گەیشتە ماڵەوە نزیکی بەرەبەیان بوو، هەر کە چووە ژوورەوە مێردەکەی لە تەقەی دەرگا بەخەبەر هات و هەستا و بە سەرسوڕمانێکەوە بە مەستانی گوت: "ئەوە دەتویست بڕۆیت بۆ سەر چەم، خۆ هێشتا زووە سەعات چواری بەیانی نەبووە؟"



مەستان دەمی تێکەلوپێکەڵ بوو، نەیدەزانی چی بڵێت و هەر گوتی: "ها؟ وەڵڵاهی نەمزانی هێشتا زووە!"

مێردەکەی هەستایە سەرپێ و سەیرێکی مەستانی کرد کە زۆر شلەژاوە، ڕەنگی تێک چووە و زۆر ماندوو دیارە، دەڵێیت لە شوێنێکی دوورەوە هاتووە وکەلوپەلی بە دەستەوەیە، مێردەکەی شلەژا و گورج هەستایە سەرپێ و بە پەرۆشەوە گوتی: "مەستان ئەوە چییە؟ چیت لێ قەوماوە زوو قسەبکە بزانم بۆ وات لێ هاتووە؟"

مەستان حاڵی زۆر پەرێشان و ماندوو دیار بوو، مێردەکەشی هەر وازی نەدەهێنا و هەر لێی دەپرسی و بۆی کەوتبووە مەراقەوە، مەستان ناچار بوو ڕاستییەکە بە مێردەکەی بڵێت.

مەستان گوتی: "تۆ جارێ دەنگت نزم بکە، با منداڵەکان خەبەریان نەبێتەوە و نەترسن، ئێستا هەموو ستێکت بۆ دەگێڕمەوە، تەنها ئاوێکی گەرمم بۆ بهێنە تاوەکو چایەک بخۆمەوە، چونکە قورگم هاتووەتەوە یەک و سەرم زۆر دێشێت. مێردەکەی دەستی گرت و داینیشاند و لێفە و پەتوویەکی پیادا و گوتی: "هەر ئێستا ئاوی گەرم و چاییشت بۆ دەهێنم، مێردەکەی زۆر ترسا و ناڕەحەت بوو، چونکە مەستانی زۆر خۆش دەویست لەبەر ئەوەی زۆر ژنی چاک بوو بۆ مێرد و منداڵ و کەسوکاری، تەنانەت مەستان بۆ هەموو خەڵکی دێیەکەش باش بوو.

مەستان هەموو کەسێکی خۆش دەویست و هەر کەسێک تووشی ناڕەحەتییەک بوایە، دەچوو بەپیر کێشە و تەگەرەکانیانەوە و هەوڵی دەدا بۆیان چارەسەر بکات و یارمەتیی هەموو کەسێکی دەدا بەپێی توانای خۆی، بۆیە مێردەکەی ئێجگار خۆشی دەویست و زۆر سەری بە کردەوە و هەستە بەرزەکانی و بە ئیشە باشەکانی بڵند بوو، زۆر

ڕێـزی ژنەکەی دەگـرت. مێـردەکەی مەسـتان کە نـاوی محـۆ، بـوو بە پەلەپەل چـاو ئـاوی گەرمـی بـۆ هێنـا و هـاتە لایەوە و بە پەرۆشـەوە هەواڵی پرسی و گوتی: "هـا گیـانە چۆنیت؟ کەمێک بـاش بوویتەوە و گەرمت بووەوە؟"

مەسـتان نەیدەویسـت مێـردەکەی زۆر نـاڕەحەت و نائـارام بکـات، هەر بۆیە گوتی: "ئەریَ شـکور مـن زۆر باشـم، تۆ دڵـت هـیچ نەکـات، ئێستا ئەم چایی و ئاوە گەرمە دەخۆمەوە و ئیتر چاک چاک دەبمەوە".

مێردەکەی لە تەنیشـتیەوە دانیشـت و بە ئەسپایی گوتی: "زوو پێم بڵێ، چیت بەسەر هاتووە ئەگینا دەیکەم بە هەرا؟"

مەسـتان کە زۆر بـڕوای بە مێـردەکەی دەکـرد و هـیچ شـتێکی لـێ نەدەشاردەوە، بەدەم چا بردن بۆ دەمی گوتی: "نـاڕەحەت مەبە، ئێسـتا هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام بەڵێنم پێ بدە بە کەس نەڵێیـت، تەنهـا خـۆم و خـۆت بیـزانین". محـۆی مێـردی بە پەرۆش و بە گەرمییەوە گوتی: "بە خـوا بە چـاوی تـۆ لە دەمـم نـایەتە دەرەوە و بە کەس ناڵێم".

مەسـتان قـومێکی چـاکی لە چـاییەکە دا و دەنگـی نـزم کـردەوە و هەموو ڕووداوەکەی خۆی و دێوەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. دواییش بە پاڕانەوەوە سەیرێکی مێردەکەی کرد و گوتی: "بەڵام تـو ئەو خـوایە ئەگەر ئـازاری ئەو دوو دێـوەی نـاو ئەشـکەوتەکە بـدەیت کە باسـم بـۆ کردیت".

محۆی مێردی باوەشی کرد بە مەستانی ژنیدا و گوتی: "کچێ هەر بژیـت و سـوپاس بـۆ خـوای گەورە کە هیچـت لـێ نەهـاتووە و بە سەلامەتی گەڕاویتەتەوە. کچێ ئەمەی تـۆ کـردووتە و ئەوەی ئەمشـەو بەسـەرتدا هـاتووە، هـیچ قارەمـان و پاڵەوانێـک ئەوەنـدەی تـۆ ئـازا

نەبووە، بە خوا لەبەر خاتری ئەوەی ئەو دێوە زلە هیچی لێ نەکردیت و بە سەلامەتی تۆی گەیاندەوە ناومان، هەتا پێم بکرێت ئاگام لێیان دەبێت و پارووی دەمی خۆیشمیان بۆ دەبەم و نایەڵم کەسیش ئازاریان بدات؛ بەڵام بە خوا ئەو کارەی تۆ کردووتە نابێت بیشارینەوە، دەبێت سبەینێ بە هەموو خەڵکی دێیەکەمان بڵێم، چۆن خودا هەڵدەگرێت یەکێکی وەک تۆ ئاوا ئازا بێت ئەم کارەی کردبێت و بیشارێتەوە و کەس پێی نەزانێت؟ بە خوا بەیانی بە هەموو کەسێک دەڵێم".

مەستان بە ترسەوە گوتی: "نا تو خوا بە کەس مەڵێ دەترسم بچن ئازاریان بدەن.

مێردەکەی گوتی: "تۆ دەڵییت چی، بە خوا ئەوەی دەستیان بۆ ببات و ئازاریان بدات دەستی دەبڕم، بە پێچەوانەوە تۆ بزانە چەند لای خەڵکی دێکە خۆشەویست دەبن ئەم دوو دێوە زلە! بزانە چەند نان و خواردنیان بۆ دەبەن!"

مەستان گوتی: "دە باشە، بەڵام ئێستا هاوڕێکانم دێن بە دوامدا بچین جل بشۆین، پێیان بڵێ کە من نەخۆشم و ناتوانم لەگەڵیان بچم".

محۆی مێردی گوتی: "تۆ هەر بنوو، پشوو بدە و ئەوانی تر لەسەر من".

ئەوەندەی پێ نەچوو بوو بە بەیانی، هاوڕێکانی مەستان بە کۆڵ و بارەوە هاتنە بەردەرگا و بانگی مەستانیان کرد.

مێردەکەی چوو بەپیرییانەوە و دەرکی لێ کردنەوە و پێی گوتن مەستان شەو نەخۆش کەوتووە و ناتوانێت لەگەڵیان بێت، هاوڕێکانی مەستان هاتن بۆ لای و بە پەرۆشەوە هەواڵیان پرسی، کە چیتە خۆ تۆ دوێنێ زۆر باش بوویت، ئێمەش بڕیارمان دا نەچین، ژنە

هاوڕێکـانی مەسـتانیش نەچـوون بـۆ جلشـتن و دڵیـان نەهـات بەبـێ مەستان بڕۆن.

دنیا بوو بە ڕۆژ و مێردی مەستان چووە نـاو دێیەکە، خەڵکەکەی کۆ کردەوە و لە ناو مزگەوتەکەدا و ڕووداوی مەسـتان و دێوە زلەی بۆ گێڕانەوە و پێی گوتن بڕۆن بۆ سـەر چەم و سـەیری شـوێنی ئـاگر و تووک و سەرشتنی دێوە زلەکە بکەن.

هەمـوو خەڵـکەکە دەسـتیان کـرد بە "بـژی مەسـتان، هەر بـژی مەستان..." ژنە هاوڕێکانی بە پەلە گەڕانەوە لای مەستان و هەموویـان پەلاماریان دا و دەستیان کردە ملی و ماچیان کرد و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەربڕی.

هەنـدێک خەڵکـی لادێیـی بە پەلە ڕایـان کـردە سـەر چەمەکە و ئاگرەکەیـان بینـی و شـوێنی شـتنی سـەری دێوەکەیـان بینـی و تـۆپەڵە مـووەکە هێشـتا ڕشـک و ئەسـپێی پێـوە بـوو، بەڵام قالۆنچەکـان بـڵاو بووبوونەوە و هەر یەکەیان ڕووی کردبووە شـوێنێک و ژێر بەردێک لە ترسی سەرما و بەفر، ئەگەرچی هەندێکیش بە مردوویی لەو نـاوە کەوتبوون، دیارە کە بە ئاو و سابوون مردبوون.

خەڵکی دەگەڕانەوە دێیەکە و هەموو وروژمیان بۆ مـاڵی مەسـتان برد و هەموو دیاریان بۆ هێنا و خۆشەویستیی خۆیـان بۆ دەربڕی و پیـاوی گەورە و ڕیشسـپی دێـیەکە و مەلاکـانی مـزگەوت هەمـوو بڕیاریان دا مەستان بکەن بە کوێخای دێیەکە، بە ئاقڵ و پرسـپێکراوی هەمـوو خەڵکی دێیەکە لەبەر ئەوەی ئەوەنـدە قارەمـان و ئـازا و ئاقـڵ بوو.



بۆیە مەستان لە پێش هەموو کارێکەوە، خەڵکەکەی ڕاسپارد لەگەڵ ئەو دوو دێوە باش بن و نان و خواردنیان لە بەردەم ئەشکەوتەکە بۆ دابنێن، بەم شێوەیەش ئەگەر برسی نەبن، پەلاماری کەس نادەن و بەبێ ترس هاتوچۆ دەکەن و دەبنە هاوڕێ و هاوەڵی ئەوانیش، خەڵکەکە هەموو ئەو بڕیارەیان پەسەند کرد و سوێندیان خوارد کە بێ نان و خواردنیان نەکەن.

دوای مانگێک دێوە زلەی خوشک و برا تەمەڵەکەش بۆ خۆیان لەگەڵ خەڵکی دێیەکە بوون بە ئاشنا و هاوڕێ، وەکو مەڕ و مانگا و ئەسپ و وڵاخی دێیەکە دەهاتن و دەچوون بە ناو دێیەکەدا و یارییان لەگەڵ گەورە و بچووکیاندا دەکرد، خەڵکی دێیەکەش زۆریان خۆش دەویستن و بوون بە دڵخۆشکەری یەکتری و بەم جۆرە ناویان دەرکرد.

ئیتر کاتێک دنیا خۆشی کرد و بوو بە بەهار، لە هەموو دێیەکانی ترەوە خەڵک بۆ سەیرکردنیان دەهاتن. بەو هۆیەوە خەریک بوو دێیەکەی مەستان دەوڵەمەند دەبوون، ئەوەندە خەڵک و ڕێبوار بە دیاریەوە دەهاتن بۆ لای مەستان و بە توورەکە خواردنیشەوە بۆ هەردوو دێوە زلەکان.

مرۆڤ دەبێت باش بێت و دڵ گەورە و میهرەبان بێت و چاکە بکات، چونکە کە چاکەی کرد بەرانبەرەکەی لە ناحەز و دوژمنەکەی شەرمەزار و تەریق دەبنەوە، لە دڵی خۆیاندا دەڵێن بزانە چۆن شەرمەزاری کردین و وا شەرم لە خۆم دەکەم کە ئەو ئەوەندە دڵ گەورە و میهرەبان و پیاوە، کەچی من چەند خراپ و ناپاک و دوژمن بووم لەگەڵیدا.

وەک پێشینان گوتوویانە: "چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە" چەند خەڵک چاکە بکات و دڵی گەورە بێت و لێبوردە بێت، ئەوەندە سەرکەوتوو و خۆشەویست دەبێت لای هەموو کەس، ئەو چاکە و پیاوەتییەشی دێتەوە ڕێی.

٣٢٠٠٧/١٢

## حەوت هاوڕێی پاڵەوان

پەنجا ساڵ لەوەوپێش، سێ-چوار سینەما لە سلێمانی هەبوون، بە ناوەکـانی سـینەما گـۆیژە و سـینەما ڕەشـید و سـینەما سـیروان، هەروەها چەند سینەمایەکی هـاوینەش کە هەروەک هۆڵێکی گەورە و پـڕ لە کورسـی تێـدا بـوون، بەڵام هـۆڵەکە سـەری نەگیرابـوو، پێیـان دەگوت "سینەمای هاوینە"، ئەم سینەمایانە بە هاوینان ئیشیان دەکرد.

ئەو سەردەم و ساڵانە خەڵکی زۆر لە سـەربان دەنووسـت، چـونکە هێشتا ئێرکۆندیشن و فێنککەرەوەی وەک ئێسـتا نەبوو، بۆیە هاوینـان لە سەربان و لە حەوشە گەورەکانیان دەنووسـتن. ئەو مـاڵانەی نزیـک سـینەما هاوینەکـانیش بـوون، لە سـەربان بـۆ خۆیـان هەمـوو شـەویک گوێیان لە گۆرانی و قسـە و هەرای ئەو سینمایانە دەبوو.

ئەو کاتـانە تەلەڤزیـۆن هێشـتا نەهـاتبوو، هێشـتا نەگەیشـتبووە شـارەکانی کوردسـتان، بگـرە نەگەیشـتبووە ناوەڕاسـت و خـوارووی عێـراقیش، تەنهـا تەلەڤزیـۆن لە بەغـدا هەبـوو، ئەویـش تەلەڤزیـۆنی

نـاوخۆیی بـوو، هەر لە ئێسـتگەی بەغـداوە کـاری دەکـرد، هەروەهـا بە ڕۆژیــش نەبــوو وەکــو ئێســتا شــەو و ڕۆژ و بیســتوچوار ســەعات دەتــوانین دەیــان ئێســتگەی جۆراوجــۆری دنیــا ببینــین، ئەوســا بەس شەوانە بوو.

بەغدا پێش هەمـوو ئەم وڵاتـانەی دەورەبەر تەلەڤزیـۆنی هەبـوو، لە چــاو ئەو وڵاتــانەی دەوروپشــتمان بەغــدا و تێکــڕای عێــراق زۆر پێشکەتووتر و دەوڵەمەندتر و پڕ خوێندەوار و زانسـت و زانـین بـوو، هەروەها دەوڵەتیش ئەو کاتە کۆماری نەبوو، بەڵکو ڕژێمـی پاشـایەتی حـوکمی دەکـرد و یەکەم پادشـای عێـراق نـاوی فەیســەڵ بـوو، دوای مردنی، کوڕەکەی هاتە جێگەی کە ناوی غازی بوو.

وا بڵاو بوو کە غازی باش بـوو حەزی بە چـاکەی مـیللەت هەبـوو، کوردیشی خۆش دەویست و دڵسـۆزان و دەوروبەری زۆریـان کـورد بــوون و زۆر بــڕوای بە کــورد هەبــوو، بەڵام وەکــو باســیان دەکــرد چــونکە غــازی بــاش بــوو، کودەتایــان لــێ کــرد و کوشــتیان و گوتیــان ئۆتــۆمبێلەکەی بەر داری کارەبــا کەوتــووە، هەرچۆنێــک بێــت ئەو باسەیان بڵاو کردەوە.

شــا غــازی ئەفســەر بــوو، دەرچــووی کــۆلێجی ســەربازی بــوو، هەروەها فڕۆکەشی لێ دەخوڕی، چ جای ئۆتۆمبێل... لەبەر ئەوە زۆر ڕێی تێدەچوو کودەتایان بەسەردا کردبێت و لەناویان بردبێت.

کە شا غازی مرد کوڕێکی منداڵی لێ بەجێما ناوی فەیسەڵ بوو بە نــاوی شــا فەیســەڵی بــاپیریەوە نــاو نرابــوو، لەبەر ئەوەی فەیســەڵ بچووک بوو، شەش-حەوت ساڵان بوو، دەبوو ڕابوەستن تا ببێت بە هەژدە ساڵ ئینجا دەکرا بە پادشا، چونکە کوڕی شا غازی بوو دەبوو

ئەو بکرێت بە پادشـا، بـۆیە خـاڵی کـرا بە لێپرسـراوی دەوڵەت و هەروەها کرا بە چاودێری فەیسەڵی بچووک.

ئەو خـاڵەی کە نـاوی عەبـدولئیلا بـوو، لەگەڵ نەنـک و دایکـی فەیسەڵی بچووک و پوورەکانی فەیسەڵیان بەخێو دەکرد و ئامادەیان دەکرد تا ببێت بە پادشـای عێراق، کاتێک تەمەنی دەبێت بە هەژدە ساڵ.

ئیتر فەیسـەڵ کە خوێندنگەی سـەرەتایی تەواو کـرد ناردیـان بـۆ لەنـدەن بخوێنێـت، ئەو کـاتە لە لەنـدەن و ئەو وڵاتە پێشـکەوتوانە تەلەڤزیۆن هەبوو، بۆیە کە فەیسـەڵی بچووک لە پشـووی خوێندنگە گەڕایەوە بەغدا، وڕکی بۆ تەلەڤزیۆن گرتبوو، لەبەر ئەوە تەلەڤزیۆن هـاتە بەغدا، لە کاتێکدا تەنـانەت وڵاتـانی دەوروپشـتیش تەلەڤزیۆنیـان نەبوو، لە چاو بەغدا و عێراق (بە کوردستانیشەوە) زۆر دواکەوتووتر بوون.

کەرکـووک ئەسـا زۆر ئـاوەدان و خـۆش بـوو، لەبەر ئەوەی کۆمپانیـای گەورەی نەوتـی لـێ بـوو و ئینگلیز بەڕێوەی دەبرد و هەر دەتگوت کەرکووک ئەو کاتە شاری گوڵ و گوڵزار بوو.

پاشـان شۆڕشـی ١٤ ی تەمموز بەرپـا بـوو، حـوکمی پادشـاییان سەرنگوم کرد، بەڵام شا فەیسەڵی بچووک زۆر بێگوناه و بێدەسـەڵات بوو، خاڵی شا و دەستوپێوەندی حکومەت خراپ بوون لەگەڵ هاوڵاتی و میللەتدا.

بـۆیە هەمـوو مـیللەت (بە کـورد و عەرەبیشـەوە) شۆڕشـی ١٤ی تەمموزیـان پـێ خـۆش بـوو، بەو بـۆنەیەوە بە شـاییان گێـڕا، لەبەر ئەوەی میللەت سەربەست و ئازاد دەبوو و لەو دەسـەڵاتدارە خراپانە ڕزگـاری دەبـوو. لەگەڵ ئەوەشـدا زۆربەی خەڵـک بـۆ شـا فەیسـەڵی

بچووک نارەحەت بوون و بۆی گریان، چونکە بێدەسەڵات و بێگوناه بوو، بەڵام ئەویش لەگەڵ حکومەت و هەموو بنەماڵەکەیان لەناو چوو.

ئیتر دوای ئەوە بە چەند ساڵێک تەلەڤزیۆن گەیشتە هەموو شارەکان و گەیشتە کوردستانیش، بەڵام هەر ئێستگەکانی ناوخۆیی و بچووک بوون، خەڵکی پێیان خۆش بوو، لە دەوری کۆ دەبوونەوە لەبەر ئەوەی سینەماش هەبوو فیلمی خۆشی ئینگلیزی و ئەمەریکی و هیندی و عەرەبی لێ نمایش دەکرا، خەڵک هەمیشە بەڕێوە بوون و ڕیزیان دەگرت بۆ بلیتبڕین و چوونەژوورەوە بۆ سەیرکردنی فیلمی خۆش خۆش.

هەروەها تەلەڤزیۆنیش هەبوو، ئەویش فیلمی پەخش دەکرد، بەڵام هەر وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، هەرگیز وەک ئێستا نەبوون.

چەند هاوڕێیەک هەبوون کە زۆر یەکترییان خۆش دەویست و هەمیشە پێکەوە بوون. خەڵکی گەڕەکێک بوون، هەندێکیشیان خەڵکی گەڕەکی دوورتر بوون، بەڵام چونکە لە خوێندنگە پێکەوە بوون، زۆر هۆگری یەکتر بوون.

تێکڕا و لە کاتی پشووی هاوینە و ڕۆژانی هەینیدا، پێکەوە کۆ دەبوونەوە و پارەکانیان کۆ دەکردەوە و فیلمێکی خۆشیان هەڵدەبژارد و لە یەکێک لە سینەماکان سەیریان دەکرد و زۆر دڵیان پێی خۆش بوو.

ئەو کوڕە هاوڕێیانە تەمەنیان چواردە ساڵ و پازدە ساڵ بوو. ناویشیان ئاسۆ و بەختیار و کاوە و ئالان و بروسک و ڕێبوار و هیوا بوو. ڕێبوار پازدە ساڵ بوو، زۆر هەوڵی دەدا خۆی بکات بە گەورەیان و هەمیشە دەکەوتە ڕێنماییان وا بکەن و وا مەکەن و وا

خراپە ئەمە مەکەن و ئەوە بکەن... سنگی خۆی دەردەپەڕاند و خۆی فش بەسەریاندا دەکردەوە.

بروسکیش پازدە ساڵ بوو، لە هەموویان درێژتر بوو و بەڵام کەمێک خاووخلیچک و کەمتەرخەم بوو. هاوڕێکانی هەر چییان پێ بگوتایە، بە دڵیشی نەبوایە دەیگوت: "باشە باشە قەیناکا با نەڕۆین" (یان با بڕۆین). لەو کەسانە نەبوو کە خاوەنی بیروڕای خۆی بێت ئەگەر کارێک بە دڵی نەبێت یان بە باشی نەزانێت، بڵێت نا وانییە وا بکەن و وا مەکەن.

کاوە چواردە ساڵ بوو، بەڵام گورجوگۆڵ بوو، لە خوێندنگەش لە پێشەوە بوو. ئەگەر کارێکی بە دڵ نەبوایە، لەگەڵ هاوڕێکانی دەیکرد بە قڕە و دەیگوت وا باش نییە و هەمووی هەر بە قسەی ئێوە نابێت، ئەگەرچی ئەو لەوانی تر بە ساڵێک منداڵتر بوو، کەچی زۆر جار قسەکەی خۆی بەسەر ئەواندا دەسەپاند و ناچار بە قسەیان دەکرد.

ئاسۆ چواردە ساڵ بوو، ئەو کەمێک ترسنۆک بوو، زۆریش ڕاڕا بوو، جارێک دەیگوت باشە با بچین بۆ فلان جێگە، بەڵام هەر زوو پەشیمان دەبووەوە و دەیگوت: "ئاخر نەوەکو لێمان تووڕە بن، با بچین وانەکانمان بخوێنین"، یان دەیگوت وا باشترە من لەگەڵتاندا نەیەم بۆ ئەو دوکانە، یان بۆ ئەو باخی گشتییە یان بۆ سەیری فتبۆڵێن، دوایی پەشیمان دەبووەوە و دەیگوت دەی قەیناکا منیش دێم لەگەڵتان.

لەبەر ئەوە هاوڕێکانی هەمیشە دەچوون بە گژیدا و دەیانگوت: دە لەسەر قسەیەک ڕاوەستە یان بڕۆ یان مەڕۆ، تۆ لە سەعاتێکدا شەش جار قسەت دەگۆڕیت، ئەوە چییە خۆ تۆ منداڵ و بەبە نیت".

بەختیاریش یەکێک بوو لە هاوڕێ چاک و دڵسۆزەکانیان، بەڵام ئەوەندە نەوسن بوو، نەوسنییەکەی بەناوبانگ بوو لە لای هاوڕێ و خزمەکانی، تەمەنیشی پازدە ساڵ بوو، ئەو هەقی هیچ مشتومڕ و دەمەقاڵێ و ئەملاو ئەولای نەبوو، لە باسی کەباب و پارە و قبووڵی و گۆشت و کفتە و یاپراخی دایکی کە چەند خۆش دروستی دەکات.

زووزووش هاوڕێکانی هەڵدەپێچا و دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە و دەچووە سەر دایکی و دەیگوت: "دەی دایە گیان من و هاوڕێکانم برسیمانە، دەی شتێکی خۆشمان پێ بدە"، دایکیشی زۆر زۆر ژنێکی لێهاتوو و باش و میهرەبان بوو، وا سەیری ئەو کوڕانەی هاوڕێی بەختیاری کوڕی دەکرد، دەتگوت ئەوانیش کوڕی ئەون.

بۆیە فاتمە خانی دایکی بەختیار ڕای دەکردە چێشتخانەکەی و بە پەلەپەل شتێکی بۆ کوڕەکان ئامادە دەکرد و بۆی دەخستنە سەر سینی و بەدەم گیان و قوربان و لەدەورگەڕانەوە بانگی دەکردن بێن سینییەکەیان بەرن و نانەکەیان بخۆن، بۆیە بەختیار لەبەر نەوسنی و مشووری خواردن، ئاگای لە هیچی تر نەبوو، هەمیشە برسیی بوو، کەچی قەڵەوی واش نەبوو، بەڵام هەندێک خرپن بوو.

ئێستا بێینە سەر باسی هیوا، هیوا چواردە ساڵ بوو لە وانەکانیدا زۆر باش بوو، بەڵام کەمێک شەڕانی بوو، قسەی گاڵتە و خواروخێچی لە کەس قبووڵ نەدەکرد، هەرچەندە هاوڕێکانی خۆشیان دەویست، بەڵام نەیاندەزانی هەندێک جار ڕەفتاری چۆن لەگەڵدا بکەن، چونکە زووزوو تووڕە دەبوو و هەڵدەچوو و دەچوو بە گژیاندا و لە کەس نەدەترسا.

هەروەهـا یـاریزانێکی فتبـۆڵی ئێجگـار بـاش بـوو، زۆری حەز لە فتبۆڵ بـوو،. کاتێک تیمـی خوێندنگەکەیان لەگەڵ تیمـی خوێـندنگەیەکی تر یارییان دەکرد، بەو تەمەنە بچووکەی خۆیەوە چەندین ئـافەرین و مەدالیای بردبووەوە.

ئەویش هەموو گۆش و هۆش و هەستی لای فتبۆڵێن بوو، تەنانەت کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، قاچەکانی بەملاولادا دەهێنا و دەبرد، جاری وا هەبوو بەردێکی زۆر بچووک یاخود قتووە جگەرەیەکی بەتاڵیشـی دەکـرد بە فتبـۆڵ و بەدەم ڕۆیشـتنەوە بـۆ خوێنـدنگە، یـاخود لە کـاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەکەوتە شەقوەشاندن و قاچ بەملاولادا بردن بەو بەردە بچووکە، یان بەو پاکەتە جگەرە بەتاڵانە.

ئالان کوڕێکی تەمەن پازدە سـاڵ بـوو. هـێمن و زیـرەک و کەمـدوو بوو، واتە زۆر حەزی لە قڕە و چەقە چەق نەبوو. ئەگەرچی بـاوکی لە دەوڵەمەندەکان نەبوو، بەڵام زۆری حەز لە جلی جوان دەکرد و هەر خەریکی سـەر و قژی بـوو، لە هەمووشـیان زیـاتر حەزی لە سـینەما بوو.

ئەم کـــوڕە هاوڕێیـــانە، زۆر حەزیـــان لە چـــوونە ســـینەما و سەیرکردنی تەلەڤزیـۆن هەبـوو، ڕۆژانـی هەینـی دەچـوون بـۆ سـینەما، بەڵام کاتێک دەستیان بەتـاڵ دەبـوو، دەرس و مەشـقیان تەواو دەبوو، یـاخود ڕۆژانـی پشـووی خوێنـدنگە تێکـڕا بە دیـار تەلەڤزیـۆنی مـاڵی بەختیـــارە نەوســـنەوە دادەنیشـــتن و ســـەیری فیلمـــی جۆراوجـــۆری ئەمەریکی و ئینگلیزییان دەکرد، لە سینەماش حەزیان لە فیلمی هیندی بـوو، چـونکە کـوڕە ئـازای زۆر تێـدا بـوو، ئەوانەی لەم ســەربانەوە خۆیان هەڵدەدایە سەر بینا و سەربان و بەرزایی تر.

ئەوسا هەموو کەس تەلەڤزیۆنی نەبوو، تەنها لە ماڵە حاڵ باشەکاندا هەبوو، تەلەڤزیۆنیش ئەو کاتە هەر ڕەشوسپی بوو، وەکو ئێستا ڕەنگاوڕەنگ نەبوو، لەبەر ئەوەی باوکی بەختیار کاشفێکی دەسترۆیشتوو بوو، هەروەها دوکانی قەسابییشی هەبوو کە گۆشتی دەفرۆشت، بۆیە هەر زوو تەلەڤزیۆنی کڕی.

بەتایبەت کە بەختیار وەک تاقانەی دایک و باوکی وابوو، ئەگەرچی براو خوسکیشی هەبوو بەڵام سێ خوشکەکەی شویان کردبوو لە ماڵی خۆیان بوون، هەروەها دوو براشی هەبوو یەکێکیانژ خویندنی تەواو کردبوو بوبو بە کارمەندی حکومەت لە کەرکووکی دڵی کورد و ئەوی تریشیان لە کۆلێج ئەیخویند لە بەغداچونکە لە ساڵەکانی پەنجادا و لەوەپێشیش لە کوردستان زانکۆ و کۆلءج نەبوو ئەبوو هەموو کەسێک بچێت بۆ بەغدا خوێندن و کۆلێج تەواو بکات و ببێت بە دکتۆر یاخود دادوەر و پارێزەر تەنانەت بۆ مامۆستای خوێندنگەی سەرەتایش هەر وابوو.

لە کوردستان تەنها خوێندنگەی ناوەندی و دواناوەندی هەبوو، بەڵام دواتر، کاتێک کورد لە حاڵی خۆیان ناڕازی بوون، چونکە حکومەتەکانی ئەوسا هەر کوردی سەرکوت دەکرد و هیچ مافێکی تەواویان نەبوو، هەر بۆیە بە دزییەوە کوردایەتی و چالاکیی حیزبییان ئەنجام دەدا و هەمیشە لە لایەن حکومەتەوە دەگیران، بۆیە کوردیش هەر سوور بوو لەسەر خەبات و بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی.

ئیتر حکومەت کەوتە لێدانیان و سەرکردەی کوردیش هەڵدەهاتن بۆ شاخ و کێوە خۆشەویستەکانی کوردستانی شیرین و لەوێ شۆڕشیان دەست پێ دەکرد، ساڵی ١٩٦١ شەڕ دەستی پێ کرد و حکومەت کەوتە بۆردومانکردنیان و هەر پیاو و کوڕی کوردی

دڵسۆز بوو ڕایان دەکرد بۆ شاخ و پەیوەندییان دەکرد بە شۆڕشـەوە و بەهێز دەبوون.

سەرکردەیەکی کورد کە ناوی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو ئەو هێزەی ناونا هێزی پێشمەرگە، ئیتر ئەو هێزە قارەمانە بەرە بەرە خۆی کۆکردەوە و بوو بە هێزێک کە حکومەت سامی لێئەکرد و ناوی پێشمەرگە زیرەی بە سەربازەکانی حکومەت ئەهێنا.

لە شـــاخی ئەزمەڕ تانکەکـــانی حکـــومەتی بەغـــدا پشتاوپشـــت دەگەڕانەوە لە ترســـی تفەنگـــی پێشـــمەرگەی قارەمـــان، لەبەر ئەوە حکومەت چەند جار لەگەڵ کورد کەوتە گفتوگۆ و لە کۆتاییدا هەندێک مافیـــان دا بە کـــورد، یەکێـــک لەو مافـــانە ئەوە بـــوو لە شـــارەکانی کوردســـتانیش زانکـــۆ و کۆلێژەکـــان بکـــرێتەوە. یەکەم زانکـــۆش لە سلێمانی کرایەوە، چونکە پێشتر خوێندکار دەبوو بچێت بۆ بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆ و کۆلێژەکان.

لەبەر ئەوە بەختیار لە ماڵەکەیاندا لە تاقانە دەچوو، داخوازییەکانی بە زوویی بۆ جێبەجێ دەکرا، بۆیە تێکڕای هاوڕێکانی بە دڵنیاییەوە دەهێنا و دەبرد و بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دادەنیشتن و فاتمە خانی دایکی شتی خۆشی دەرخوارد دەدان.

وەرز هاوین بوو وچانی خوێندنگە دەستی پێ کردبوو، لەبەر ئەوە ئەم هاوڕێ کوڕانە هەر بیریان لە سەیرکردنی فیلم و تەلەڤزیۆن و سینەما دەکردەوە و دەکەوتنە قسە و لێکۆڵینەوەی ئەو فیلمەی بە دڵیان دەبوو. ئەو دەیگوت هەی ئافەرین کوڕە ئازا، ئەوی تر دەیگوت چاوتان لەو ئەسپسوارە بوو چۆن بە سواری ئەسپەکەیەوە بەسەر ئەو هەموو ئاو و جۆگە و گرد و تاشە بەردە زلانەدا خۆی هەڵدەدا؟! ئەویتریان

ئەیگـوت ئەی ئەو چـوار کەسـە سەرداپۆشـراوانە چـۆن دەرەقەتـی ئەو هەموو لەشکری چەکدارە هاتن و چۆن تەفروتونایان کردن.

ئیتـر ئەم کـوڕە هاوڕێیـانە زۆربەی کـات ئەو قسـە و باسـانەیان دەکـرد. ئەوان بیریـان لەوە دەکـردەوە ئەو فیلمـانە زۆریـان فێڵـی سینەمایی بوون و ئەوە شارەزایانی سینەما هەزارەها فیلمی وایان هەیە کە بۆ ڕاکێشانی سەیرکەر ئەو جۆرە هونەرە دروست دەکەن و سەیرکەریش کاتی خۆش بە سەیرکردنی ئەو جۆرە فیلمانە و هەموو جۆرەکانی تری فیلم دەبەنە سەر و بۆ خۆیان ڕایان دەبوارد و دڵیان پێی خۆش دەبوو.

ئەو کـوڕ و مێردمنـداڵانە بیریـان لەوە نەدەکـردەوە کە ئەگەر ئەمە فێڵ نەبێت، چۆن ئەو کوڕەی کە پێی دەڵێن سۆپەرمان دەتوانێت وا بە ئاسـمانەوە بفڕێـت و لەم بینـا بەرزە هەزاربەهەزارە خـۆی هەڵبـداتە سەر ئەوی تر و بەسەر ئەو شاخە بەرزانەوە خۆی و ئەو پەڕۆیەی بەسەر شانیوەیەتی بفڕێنێت بێ ئەوەی بکەوێت و شتێکی لێ بێت؟

ئەو هاوڕێیانە لە خۆش سەیرکردنی ئەو جۆرە فیلمانە هەر وایان دەزانـی ئەوە ڕاسـتە و زۆریـان پـێ خـۆش دەبـوو و زۆر ئەو کـوڕە ئـازایە دەچـووە دڵیـانەوە، بە جۆرێک ئەگەر لە ڕۆژنـامە و گۆڤارێکدا وێـنەی ئەو پاڵەوانەیـان بـدیایە، ئەو وێنەیەیـان لـێ دەکـردەوە و لە ژوورەکەیاندا هەڵیان دەواسی.

زۆر جـاریش ئەو ئەکـتەرانەی سـینەما وێنەیـان دەفرۆشـرا لە دوکانی کتێبفرۆشەکان، ئەمان دەچوون دەیانکڕی و لە ژوور سەریان هەڵیان ئەواسی، ئەگەر وێنەکە بچووک بوایە دەیانخستە ناو لاپەڕەی کتێبەکانیـانەوە، کە زۆر جـار ئەگەر مامۆسـتاکەیان لە نـاو پۆلـدا ئەو وێنـانەی بەدی بکردایە، لە خوێنـدکارەکە تـووڕە دەبـوو، پێـی دەگـوت:

"ئێرە شوێنی وانەخوێندن و فێربوونە، ئەم وێنەی ئەکتەرانە لە ماڵی خۆتان دابنێن و سەیری بکەن".

ئەوان بیریان لەوە نە دەکردەوە ئەگەر ئەمە بە درۆ و فێڵ نەبێت، چۆن ئەو چوار سەرداپۆشراوانە دەتوانن ئەو هەموو لەشکرە بکوژن و لەناویان بەرن، بۆچی دنیا شاری بێ خاوەنە؟

نەدەهاتە خەیاڵیان کە ئەو خوێنە سوورەی دەیاندی هەمووی ڕەنگی دەستکرد بوو، ئەو هەموو دەستڕێژی گولە و تەقەمەنییە هەمووی فیشەکی درۆ بوو، ئەگینا لە هەموو وڵاتەکاندا (بەتایبەتی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەی وەکو ئەمەریکا و ئینگلیز ئەگەر یەکێک هەر شەقێکیش لە یەکێکی تر هەڵبدات لەسەر شەقام و بە بەرچاوی خەڵکەوە، هەر دەستبەجێ پۆلیس دەیگرێت و دەیخاتە بەندینخانەوە، نەک خەڵک بداتە بەر گولە و خوێن بڕژێت لەسەر ڕێگە و بان.

لەبەر ئەوە ئەو کوڕ و مێردمندالانە هەمیشە مێشکیان بەوەوە قاڵ کردبوو و هەندێکیان بە دڵ حەزی دەکرد ئەگەر بۆی بلوایە ئەویش وەکو سۆپەرمان بیتوانیایە بەسەر بینا بەرزەکاندا بسوڕایەتەوە و خەڵکی ڕزگار بکردایە، پیاوی خراپی بە دیل بگرتایە و بیخستایەتە سەر باڵی و بفڕیایە و پیاوە خراپەکەی بخستایەتە ئەشکەوتێکی تاریکەوە و لەوێ بەندی بکردایە.

ڕۆژێکیان ماڵ و خێزانی ئەو کوڕانە حەزیان کرد بڕۆن بۆ یەکێک لەو سەیرانگە و شوێنە خۆشانەی کوردستانی خۆشەویست، بۆیە ئەو ماڵانە بڕیاریان دابوو لەگەڵ ماڵ و منداڵیان بە خواردن و چێشت و مەنجەڵە یاپراخەوە، هەموویان پێکەوە بە پاس و بە ئۆتۆمبێلەکانیان بڕۆن بۆ شاخی پیرەمەگروون و مێرگەپان، ئەو شوێنە فێنک و

دڵگیـرانه... بـۆ ژێـر ئەو دارگـوێز و بـۆ ســەر ئەو کـانی و ئـاوە چاوڕوونکەرانە.

هەمـوو خۆیـان کـۆ کـردەوە و ڕۆژی پێنجشـەممە بەیـانییەکەی کەوتنە ڕێ بە هەمـوو مـاڵ و خێزانەکانیـانەوە. واشـیان دانـابوو دوو-ســێ شــەو و ڕۆژ لەوێ بمێنــنەوە، لەبەر ئەوە نــوێنی چاکیشــیان بردبوو، چونکە ئەو شوێنانە بە شەو زۆر سارد بوون.

هەموو خێزانەکان گەیشتن و دەستیان کرد بە کەلوپەل داگرتن لە ئۆتۆمبێلەکانیـان و بەڕە و فەرش ڕاخسـتن، هەر مـاڵە و لە شـوینێک، بەڵام هەموو کۆ و نزیک بوون لە یەک، هەندێکیش کەوتنە بەرددانـان و ئـاگردا دروسـتکردن و خـواردن و چێشـتلێنان، سـەماوەرەکانیان کەوتنە گیزەگیز و پیاڵە چا هەموو ڕیز کران لەسەر سینی.

هەندێک لە کوڕ و پیاوەکانیـان کەوتنە کۆکردنەوەی داری وشـک بۆ چێشـتلێنان، ژنەکـانیش هەر کەسـە و خەریکی ئیشـی خـۆی بـوو. منداڵەکان لەو نـاوە خۆشـە بـڵاو بـوونەوە، هەنـدێکیان کەوتـنە فەریکە گوێز کۆکردنەوە و هیی تریـان کەوتـنە یـاریکردن و سـەیریکردنی ئەو جـۆگە ئـاوەی کە لە بەردەمیانـدا تێـدەپەڕیی، جـۆگەیەکی بچـووک و باریک و جـوان بـوو، ئـاوەکە وا نەبـوو کە ترسـی ئەوەی بێت منـداڵە بچکۆلەکان بکەونە نـاوی و بخنکێن، بۆیە دایکەکانیـان دڵنیا بـوون کە جێگەی خراپ و پڕ مەترسیدار نییە لەو نزیکانەوە.

کوڕەکـانی تریشـیان کە هـاوڕێی هەمیشـەیی بـوون و کەم لە یەک جیـا دەبـوونەوە، ئەوانە هەر زوو یەکیـان گـرتەوە و کەوتـنە قسـە و باسـی خۆیـان، بەختیـار هەر بەوەدا دەگەیشـت چەنـد قسـەیەک بکـات لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی و خۆی بدزێتەوە لێیان و بچێتە سەر دایکی و بڵێت دایکە ئەوە کەی نان پێ دەگات؟ برسیمە؟

دایکیشی بە ئەسپایی سەری دەنایە پەنا گوێی و دەیگوت: کوڕم هەمووی سەعاتێکە گەیشتووینەتە جێ، هێشتا هیچ پێنەگەیشتووە، ئەوەندە مەیە و بڵێ برسیمە برسیمە، دوایی ئەمانە دەڵێن وای ئەم کوڕە چەند نەوسنە. بزانە ئەمە چەند جار هاتە سەر دایکی، دوایی گاڵتەت پێ دەکەن.

بەختیار بە تووڕەبوونێکی بێدەنگەوە سەیری دایکی دەکرد و بە ئەسپایی وەکو ئەو سەری دەنا بە بناگوێی دایکیەوە و دەیگوت: ئاخر برسیمە! دە زوو بکە. دایکیشی پێی دەگوتەوە: "دە باشە باشە ئەوەندەی نەماوە، بڕۆ لە ناو ئەو جانتا ڕەشە هەندێک نوقڵ و کولیچەی تێدایە برۆ بیخۆ تا نان پێ دەگات".

هیواش هەر خەریکی شەق هەڵدان بوو لە بەرد، هەر بەملاولادا خۆی خوار دەکردەوە و خۆی دەچەماندەوە و خۆی ڕاست دەکردەوە و خەریکی فتبۆڵێن بوو، ئاخریش گوتی کوڕینە با بڕۆم فتبۆڵەکەم بهێنم و لەم شوێنە تەختاییە یاری بکەین.

هاوڕێکانی هەر یەکە و لە لایەکەوە هەڵیدایە و یەکێکیان گوتی: "تۆپتۆپێنی چی جارێ! دابنیشە با نانەکەمان بخۆین" ئەوی تر گوتی جارێ بیسمیلا کوێرا گەیشتین! کوێرا تۆپتۆپێن بکەین!

ئەوی تریان گوتی: "کوڕە جارێ واز بهێنە، لە تۆپتۆپێن تۆ جارێ وەرن با سەیری ئەم شاخوداخە دڵگیرە بکەین، با بڕۆین سەر بکەوین بزانین دەتوانین تا کوێ بڕۆین... بە خوا ئەم شاخە بەرزەیان زۆر لە شاخی فیلمەکەی ئەو ڕۆژە دەچێت کە ئەو دوو-سێ کوڕە تەنافیان بە خۆیانەوە بەستبوو، پاشان لە شاخەکە گیریان دەکرد و سەر دەکەوتن، چونکە شاخەکەتان بینی چەند سەخت بوو؟ جێگەی

دەستی پێوە نەبوو تا خەڵک بیتوانیایە لە کاتی سەرکەتندا خۆی پێوە بگرێت.

ئەوی تریان دەهاتە قسە و دەیگوت: "ئێمە با جاریَ نانەکەمان بخۆین ئەوسا یەکسەر دەڕۆین و سەر دەکەوین"، ئاسۆی ترسنۆک هەڵیدایە و گوتی: "نا... نا باش نییە لە دوای نانخواردن خەڵک بکەوێتە سەرکەوتنی شاخوداخ، خەڵک دوای نانخواردن دەبێت دابنیشێت و هەندێک پشوو بدات.

ڕێبوار وەکو هەموو جارێکی تر دەیویست خۆی بە لێزان بزانێت و خۆی بکات بە کوێخایان، گوتی: "ئەمە ئەم قسانەت لە کویَ هێناوە؟ ئەمە چ زانا و دکتۆرێک وای گوتووە؟

ئاسۆ گوتی: وەڵڵاهی چونکە خاڵە شێرکۆم (کە خۆتان دەزانن یاریزانێکی زۆر لە پێشە) ئەو ڕۆژە وای گوت کە مرۆڤ نانی خوارد نابێت گورج بڕوات بۆ فتبۆڵێن، چونکە باش نییە، دەبێت کەمێک پشوو بدات.

دواتر ئیتر ئەم هاوڕێیانە هەر خەریکی ئەم قسە و باسانەیان بوون، ئەوەندەشی پیَ نەچوو سفرە داخرا و هەموو منداڵ و گەورەکان لە دەوری سفرە کۆ بوونەوە و کەوتنە نانخواردن و پارووگلاندن.

ماڵەکان هەندێکیان نزیک لە یەک بوون و نان و چێشتیان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ دەکرد، چەند ماڵێکیشیان نان و چێشتیان پێکەوە دانابوو، کوڕە هاوڕێکان تێکڕا بەیەکەوە نانیان دەخوارد و لەگەڵ دایک و کەسیان وایان دانا کە سفرە و نانیان پێکەوە بێت، دیسان خواردن و مەنجەڵە گۆشتی سوورەکراوی فاتمە خانی دایکی بەختیار

لە سەرووی سفرەکەوە بوو، چونکە ماڵە قەساب بوون تاوەکو بەشی ئەوانیشی دا، کە تۆزێک سفرەکانیان دوورتر بوو.

ئاخری هەمویان وایان بە باش زانی کە لەمەودوا دوو سفرە دابنێن، پیاوەکان لەو لاتر و ژنەکان هەموو پێکەوە، چونکە ژنەکان منداڵی بچووکیان هەبوو هەر خەریکی منداڵەکانیان بوون، ئەو دەیگوت ناخۆم و ئەوی تریان دەگریا.

بۆیە پیاوەکان و ژنەکانیش وایان دانا کە پیاو و ژن سفرە و خواردنیان پێکەوە نەبێت، چونکە هەندێک ژنی قەدیم و کۆنیشیان تێدا بوو وەکو نەنک و پوور و ئەو جۆرە ژنانەی شەرمیان دەکرد لەگەڵ پیاو نان بخۆن، چونکە بەستەزمانانە هەندێکیان بەتەمەن بوون و دەمودانیان باش نەبوو، نەیاندەتوانی بە باشی وەکو ئەوانی تر نان بخۆن، بەتایبەت لە بەر چاوی پیاو شەرم دەیگرتن.

یەکەم کەس بەختیارە نەوسن بوو کە دەستی کرد بە نانخواردن و بە پەلە گۆشتە سوورکراوەکانی دایکی لووش دا و دوا کەسیش بوو کە لێ ببێتەوە لە چاو کوڕە هاوڕێکانی، هەرچۆنێک بوو هەموو لێ بوونەوە.

سەعات بوو بە نزیک چواری دوای نیوەڕۆ، هەموویان چایی و شیرینی و ساردییشیان خوارد، ئینجا هەستانە سەر پێ و هەر چەند کەسێک خەریکی کارێک بوون، دایکەکان و کچە گەنج و جوانەکان خەریکی سفرەهەڵگرتن و قاپ و کەوچک و مەنجەڵشتن بوون لەسەر جۆگە ئاوەکە، ئەوانی تریش خەریکی چایی و سەماوەر بوون.

کوڕە هاورێکانیش بەکۆمەڵ هەستانە سەر پێ و کەمێک دوور کەوتنەوە لە خێزان و ماڵەکانیان. کەوتنە تەگبیر، هیوای یاریکەر گوتی: "دەی نانمان خوارد و هەموو شتێک بڕایەوە با بڕۆین سەر شاخەکە بکەوین، دەڵێن چاڵە بەفرەکان لە سەرەوەن".

ئاسۆی هەندێک ترسنۆک گوتی: "چاڵە بەفر لەو سەرە چی دەکات، وەڵڵا لەسەر لوتکەی ئەو شاخە بەرزانەن، ئەو کوڕەی خزممان لەگەڵ شــەریکی خــۆی دەڕۆن بە وڵاخ لەوێــوە بەفــر دەهێنــنەوە، دەڵــێن ڕێگەکەی زۆر ترسناک و خەتەرناکە".

ڕێبوارە کوێخا هەڵیدایە و گوتی: "ئینجا با بەرز و ترسناک بێت، دەبێــت بچــین بیبینــین، ئەی خــۆ نەهــاتووین بە دیــار منــاڵەوردکەوە دابنیشین و ژیریان بکەین، بۆ دایکەکانمـان، هەمـوو دەسـتیان کـرد بە پێکەنین".

بەختیار بەدەم قاقالێدانەوە گوتی: "ئەی ئەوە بۆ دەهـێڵن دابنیشـین، هەر باوکەکانمـان قسـە بکەن و هەڕەشـەی وانەکـان و ئامۆژگاریمـان بکەن، وەکو باوکم کە قیڕاندی بەسـەرمدا ئێسـتا، گوتی خۆ وانەکانت هێناوە لەگەڵ خۆت؟ لەماڵیشـەوە پێم گوتیت کتێبەکانت بیر نەچێت، کە گەڕاینـەوە ئەوەنـدەی نامێنێت تـاقیکردنوەی ئیکمالیت دەسـت پـێ دەکات لە دوو وانە ئیکمالیت".

بەختیـار قاقـایەکی بەرزی لـێ دا و گـوتی: "دەزانـن تـاقیکردنەوەی ئیکمـالی هێشـتا چەنـدی مـاوە؟ مانگێـک و سـێ ڕۆژی مـاوە، کەچـی بـاوکم پێم دەڵێت کە گەڕاینەوە ئەوەندی نامێنێت"، هەمـوو دەسـتیان کرد بە پێکەنین بۆ قسەکانی بەختیارە نەوسن.

کـاوە کە لە خوێندنـدا زۆر پێشـکەوتوو بـوو وکـو دەڵـێن ئەهلـی زانست بوو، هاتە قسە و گوتی: "ئۆخەی سـوپاس بۆ خـوا شـکور مـن هـیچ خەمـێکم نیـیە لەوە زیـاتر کە خوێنـدنگە زوو بکـریتەوە و بچـمە پۆلی نوێوە.

هیوای یاریکەر تاقەتی لەو قسانەیان چوو، گوتی: "ئیشـەڵڵا تـاوەکو شــەو ئێـوە هەر ئەم قسـانە دەکەن، وا ڕۆژەکەمـان تەواو بـوو و هەر

هیچمـان نەکـرد لەوە زیـاتر کە نانمـان خـوارد و خەریکـی مشـتومڕ و قڕەقـرین"، هیـوا دەسـتی هەڵبـڕی و بە گەرمیـیەوە گـوتی: "ئەی کەی سەر شاخ بکەوین؟"

ئاسۆ هاتە قسە و گوتی: "تازە وا ئێوارەیە، سەعات نزیکەی شەش و نیوە، چۆن ئێستا بڕۆین؟ فریـا نـاکەوین، نەوەکـو لێمـان بکـات بە شەو، دوایی چی بکەین؟"


ڕێبـوار زۆر زانایـانە گـوتی: "ڕۆڵە ئێسـتا هـاوینە، تـاەکو سـەعات هەشـت و نـۆش دنیـا هەر ڕوونـاکە، بـۆچی تـۆ وا دەزانیـت زسـتانە سەعات چوار دنیا تاریک دبێت؟"

بروسـکە درێـژ گـوتی: "ئێسـتا بـا کەمێـک سـەر بکەویـن هەر بـۆ تاقیکردنەوە، سبەینێ هەر دوای چاییخواردنەوە دەڕۆین و خـواردن و شتیش دەبەین لەگەڵ خۆمان.

هەموویان گوتیان ڕاست دەکەیت با جارێ بۆ تاقیکردنەوە بڕۆین.

هیوا ڕاست بووەوە و گوتی: "با بچم جانتای کەلوپەلی فوتبـۆڵەکەم بهێـنم، هەمـوو شـتێکی تێدایە، نەوەکـو تینوومـان بێـت، تەرمـۆزێکیش دەخەمە ناوی لەگەڵ پەرداخێکدا".

هیوا ڕای کرد و پەلاماری جانتاکەی سەرشـانەکەی دا، تەرمـۆزەی ئاوەکەشی تێخست، خوشکەکەی هیوا کە نـاوی شـادان بوو، لە خـۆی گەورەتر بوو، کچێکـی لێهـاتوو و زیـرەک و ئاقڵ و ئێسکسـووک بـوو، گـوتی: "ئەوە چیـتە هیـوا وا پەلامـاری جانتـا دەدەیـت! بـۆچی دەچیـتە کـوێ؟ لەگەڵ هاوڕێکانـت زۆر لێمـان دوور نەکەونەوە، خـۆ بـاوکم دەناسیت! بە خوا کە بـانگی کردیـت وەڵامـت نەدایەوە و دوور بوویـت، دەیکات بە هەرا، با دیسان لە لوتمان نەیەتە دەرەوە ئەوە پێم گوتیت".



هیوا بەدەم داخستنی جانتاکەی و دانی بە کۆڵیدا، گوتی: "ئێمە هاتووین بۆ سەیران و گەڕان و نەهاتووین بە دیار باوکمەوە دابنیشین، باوکم لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی دۆمینە و کاغەزی یارییە، لە کوێ ئاگای لە ئێمەیە، وا لەگەڵ هاوڕێکانم تا ناوقەدی ئەو شاخە دەڕۆین".

شادان دیسان ڕیزێک ئامۆژگاریی کرد و گوتی: "زوو بێنەوە ها وەکو پێم گوتی".

هیوا بەدەم ڕاکردن بۆ لای هاوڕێکانی، وەڵامی خوشکەکەی دایەوە و گوتی: "باشە باش زۆرمان پێ ناچێت". هاوڕێکان شوێن یەک کەوتن و چوونە داوێنی شاخەکە، یەک دوانێکیان یەکسەر سەرکەوتن لەو شوێنەوە کە لە بەردەمیدا کۆمەڵ بوون.

ڕێبوار کوێخا و ئاسۆ هاواریان لێ کردن و گوتیان: "وەرن لەم لایەوە بڕۆین، ئێرە ڕێگەیە دیارە ئاسانترە بۆیە خەڵک لێرەوە دەڕۆن".

دوانەکەی تر کە خەریکی سەرکەوتن بوون، کە بروسک و ئالان بوون، بە بێ قسە ڕوویان کردە لای ئەوانەی وایان گوت و شوێنی یەک کەوتبوون، هەموویان بەدەم گاڵتە و قسەی خۆش و پێکەنینەوە.

ئەوەندی پێ نەچوو ڕاوەستان و ئاوڕیان دایەوە لە یەکتری، بەختیار پێش هەموویان گوتی: "وی لەو دیمەنە جوانە! با سییەکانمان پڕ بکەین لەم هەوا و بۆن و بەرامە خۆشە"، بەختیار دەستی کرد بە هەناسەی قووڵ هەڵکێشان و هەناسەدانەوە، چەند جارێک لەسەر یەک وای کرد.

ئاسۆ سەیری بەختیاری کرد و پێکەنی و گوتی: دە بەسە ئەوە چیت کرد ئێستا ئەبورییتەوە هەموو هاوڕێکان دایانە قاقای پێکەنین.

پاسان ئاسۆ ڕووی کردە بەختیار و گوتی: "ئەوە چییە ئەمەش خاڵە شێرکۆت پێی گوتی کە هەناسە هەڵمژین زۆر باشە؟" بەختیاریش بەدەم سەرکەوتنەوە وەڵامی هاوڕێکەی دایەوە و گوتی: "نەخێر ئاسۆ پاڵەوان، خاڵم وای نەگوتووە، مامۆستای وەرزش ئەو ڕۆژە هێشتی چەند جارێک پێش فوتبۆڵێن وا بکەین و خۆمان ئامادەی یاری بکەین، خۆ تۆش لەوێ بوویت، ئەوە چۆن بیرت نەماوە؟"

هیوای یاریکەر بەدەم قاقالێدانەوە گوتی: "با کاکە ئەو لەوێ بوو، بەڵام خەیاڵی لەوێ نەبوو، خەیاڵی لای شفتە و کەباب بوو، لەبەر ئەوە گوێی لە مامۆستا نەبوو کە چییان گوتووە".

دیسانەوە هەموو پێکەنین، بە ئاسۆ و بەختیار و هیواشەوە. ئەم هاوڕێیانە بەدەم قسە و گاڵتەوە هەر سەر دەکەوتن و بەرز دەبوونەوە، هەر سەر دەکەوتن و بەرز دەبوونەوە.

بروسکی هاوڕێیان کە پاکوتەمیز و جلوبەرگی ڕێکوپێک بوو، ڕاوەستا و سەیری خوارەوەی کرد و گوتی: "کوڕینە وا بزانم زۆر سەر کەوتووین، نەوەکو بانگمان بکەن، بەڵام بانگکردنی چی بە خوا سەد جار بانگمان بکەن گوێمان لێیان نابێت، وا ڕۆژیش درەنگ دەبێت سەعات بوو بە نزیک حەوت. من دەڵێم با بگەڕێینەوە؟"

بەختیاریش هەڵیدایەوە و بۆی سەندەوە: "وەڵڵا بروسک ڕاست دەکات، زۆر هاتووین تاوەکو دەگەڕێینەوە ئەوەندەی کات دەوێت، ئیتر درەنگە با هەڵیبگرین بۆ بەیانی، هەر دوای چاخواردن دێین".

هەموویان بە جارێ وەڵامیان دایەوە، ئەو گوتی: "هێشتا کوێڕا! هەمووی دوو سەعات نابێت هاتووین".

ئەوی تـر سـەیری بەختیـاری کـرد و گـوتی: "چییـە برسـیت بـوو دیسان؟"

کـاوە بە هەناسـەبڕکێ سـەرکەوتەوە سـەر شـاخەکە و ڕاوەسـتا، ئـاوڕی لـێ دانەوە و گـوتی: "بـا هـیچ نەبێـت تـۆزیکی تـریش سـەر بکەوین"، دواییش سەیرێکی هیوای کرد و گوتی: "تو خوا هیوا زۆرم تینووە، بەس نەبوو ئاوت هێنا لەگەڵ خۆت، هەی ئافەرین".

هەر کەسە لە جێی خۆی ڕاوەستا، هیواش خەریکی جانتاکەی بـوو لەگەڵ خـۆی هێنـایەوە خـوارەوە و کـردیەوە و تەرمـۆزە ئاوەکەشـی لـێ دەرهێنا، هەندێک ئاوی بۆ کاوە کردە سەری تەرمۆزەکە و دایە دەستی.

کاوە ئاوەکەی خواردەوە و گوتی: "سـوپاس بەڕاسـتی زۆرم تینـوو بوو" هیـوا تۆزێک ئـاوی بـۆ خـۆی تێکرد و خـواردیەوە. کاتێک سـەیر دەکات هەموو دەستیان پێ کرد و هەر یەکە لە لایەکەوە گوتی: "تۆزێک بۆ منیش... دەستت خۆش بێت بەس نەبوو ئەم ئاوەت پێ بوو".

هیواش کەوتە دابەشکردنی ئاو بەسەریاندا، باش بوو بەشی کردن و ئیتر تەواو چۆڕی تێدا نەما، بۆیە هیوا گوتی: "ئیتـر تەواو بە تەمـای ئـاو مەبـن." تەرمۆزەکەشـی قلّـپ کـردەوە و گـوتی: "چاوتـان لێیە یەک دلّۆپیشـی تێدا نەمـا، کەواتە ڕاسـت دەکەن بـا بگەڕێینەوە، دوایـی چـی بکەین ئەگەر تینوومان بووەوە؟".

ئالان هاتە قسە و گوتی: "بەشکم ئێستا کانییەک ببینین، ئەوەتا ئەم هەموو ڕێگەیە سەر کەوتین و هـاتین بزانم هـیچ ئاومـان نەبینـی، هەر دەیانگوت ئێرە پڕە لە پلوسک و کانی... کوانێ؟"

ڕێبوار دیسان سنگی دەرپەڕاند و هەر وەک ئەو مامۆسـتا بێت و ئەوان قوتـابی، گـوتی: "دیـارە لە سـەری سـەرەوە کـانی و پلوسـکیش هەیە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە پێی بیگەین.

ئاسـۆ بە کەمێـک دەنگـی بەرزەوە کە وەکـو تووڕەبـوون سـەیری کردن و گـوتی: "دەی لەسـەر باسـی کـانی و ئـاویش لێرە ڕاوەسـتن و سەعاتێک باسی بکەن، ئێستا وا بوو بە ئێوارە، ئیتـر بـا سـەر بکەوین، یـاخود بگەڕێینەوە و سـبەینێ کە هـاتین شـتی پێویسـت بهێنین لەگەڵ خۆمـان. هەموویـان وایـان بە بـاش زانـی کە بگەڕێنەوە، بۆیە شـوێنی یەک کەوتـن بەرەو خـوار، چـونکە ئەم جـارە بەرەو خـوار دەچـوون و ئەوەنـدە مانـدوو نەدەبـوون، بەڵام هەر قسـەیان دەکـرد و پێدەکەنین، جاری واش هەبوو مشتومڕ و قڕەیان ئەوەندە تێکەڵوپێکەڵ و دەنگیـان بەرز دەکردەوە، هەر دەتگوت خەریکن ئێخەی یەکتری بگـرن، کەچـی وا نەبوو، هەموویان زۆر ڕێکوپێک بوون لەگەڵ یەک و دڵخۆش بوون پێکەوە و هەر لە برا و خەمخۆری ڕاستەقینەی یەک دەچوون.

ئەوان لەو قـڕە و پێکەنیـنە بـوون کە سـەیر دەکەن سـێ زەلام لە دوورەوە دەرکەوتـــن جـــل و شـــەڕواڵی کوردییـــان لە بەردا بـــوو، تەمەنیشـیان نـزیکەی پەنجـا سـاڵ دەبـوو، سـێیەمیان نەبێـت کەمێـک منـــداڵتر بـــوو، کە چاویـــان بە کوڕەکـــان کەوت هەر لە دوورەوە سەلامیان لـێ کـردن و گـوتیـان: "هـا کـوڕینە ئەوە لە کـوێ بـوون؟ لای چاڵە بەفرەکان بوون؟"

کوڕەکـان هەر یەکەیـان لە لایەکەوە وەڵامـی سـەلامیان دانەوە و یەک-دوانێکیان گوتیان: "وەڵڵا هـاتووین بۆ گەڕان و سەرشـاخکەوتن، بەڵام نەگەیشتینە سەرەوە و هیچ چاڵە بەفرێکیشمان نەبینی.".

کـاوە دیسـان هەڵیـدایە گـوتی: هەر هـیچ ئاویشـمان نەبینـی" دیـارە کاوە دیسان تینووی بوو.

یەک-دوانێک لە هاوڕێکان بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیریان کردن و گوتیان: "دیارە ئەمڕۆ شتێکی سوێرت خواردوە ئەی ئێستا ئاوت نەخواردەوە؟"

کاوە بە زەردەخەنەوە سەیریکردن و گوتی: "بە خوا دیسان تینوومە، دیارە وەکو ئێوە دەڵێن دیسان تینوومە". پیاوەکان بە دڵپێوەبوونێکەوە هەر وەکو کوڕی خۆیان، یان برای خۆیان دیبێت گوتیان وەرن خۆ ئەوە کانیی ئاوەکە لێتان نزیکە، بەڵام ئێوە لە لایەکی ترەوە هاتوون، یەکێک لە پیاوەکان دەستی درێژ کرد و گوتی: "دەبێت لەم دەستە ڕاستەوە بڕۆشتنایە و سەر بکەوتنایە، هەر ئەوەتا هەندێک سەرووتر لە بەردەمتاندا دەبوو.

پیاوەکان گوتیان ئەگەر حەز دەکەن و تینووتانە ئەوەندەمان نەماوە وەرن بە دوامانـدا، هاوڕێکان سەیری یەکترییان کـرد، هەندێکیان گوتیان: "وەڵڵا کەواتە نزیکە با بڕۆین ئەو شوێنەش ببینین و ئاویش بخۆینەوە"، هەندێکیشیان حەزیان دەکرد بگەڕێنەوە، چونکە خەریک بوو درەنگ دەبوو، بەڵام وەکو شتێک لەبەر قسەی پیاوەکان و پیاهەڵدانی ئاو و کانییەکە ڕوویان نەدەهات بڵێن ناچین، هەرچەندە لەبەر درەنگیی کاتەکە لە دڵدا حەزیان نەدەکرد بچن.

کوڕەکان شوێن پیاوەکان کەوتن، نزیکەی نیو سەعاتێک گەیشتنە ئەو شوێنە خۆشە، کانیی ئاوێکی زۆر سارد و خۆشی لێ بوو کە چەندەها تاشەبەردی زلی پاک لەو ناوە ڕیز کرابوون. دوایی ئاوی کانییەکە دەبوو بە جۆگەلەیەکی بچووک و بە لایەکی ئەو شاخە بەرزە سەختە دڵگیرەدا تێدەپەڕیی و دیار نەبوو بۆ کوێ دەچوو، هەر لە نزیکیانەوە وا دیار بوو کە لە ژێر ئەو دارگوێز و درەختە جوانانەدا تێدەپەڕیی.

زەلامەکـــان زۆر لە مانـــدوو دەچـــوون، یەکـــی پریاســـکەیەکی گەورەشیان بە کۆڵیانەوە بەستبوو.

هەر زوو کوڕە هاوڕێکان چوونە سەر کانی و دەستیان کرد بە دەستشتن و دەموچاو شتن و بە چنگ ئاوخواردنەوە، زۆر دڵیان خۆش بوو و زۆر سوپاسی سێ زەلامەکەیان کرد.

زەلامەکانیش کەوتنە دەستشتن و دەستنوێژگرتن. دواییش هاتنە سەر ئەو تاشەبەردە زل و پانە جوانانە و دەستیان کرد بە نوێژکردن. کوڕەکانیش هەر لە خۆشیی ئەو دیمەن و ئاوە جوانە خۆیان بیر چووەوە و هەر خۆشیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی، ئەو دەیگوت سبەینێ زۆر زوو دێین خواردن و شتی خۆشیش دەهێنین لەگەڵ خۆمان، تازە فێر بووین.

زەلامەکان لە نوێژ بوونەوە. دەستیان دایە پریاسکەکانیان و دانیشتن و کردیانەوە، بانگی کوڕەکانیان کرد و گوتیان: "دەی کوڕە خۆشەویستەکان وەرن دابنیشن، یەکی پاروویەکمان لەگەڵ بخۆن، ئەگەرچی شتێکی واشمان پێ نییە، بەڵام هەر باشە".

پریاسکەی پیاوەکان بریتی بوو لە کولێرە و نانی تیری. یەکێکیان هەندێک هێشوەترێ و چەند تەماتەیەکی هەندێک ڕەقی لەتنەکراو و شتێکی سپی لە کیسەیەکی تردا بوو، نەزانرا کە پەنیری کوردی بوو یان ماستی توورەکە بوو.

پیاوەکەی تریشیان پریاسکەکەی کردەوە بەدەم "دەی باوکم دەی وەرن یەکی شتێک بخۆن" و بانگکردنی کوڕەکانەوە دەیگوت: "وەرن باوکە ئەوە هێلکەی کوڵاو و ئەوە ناوساجی و تەڕەپیاز و تەماتە".

پیاوەکەی سێیەمیش کە لە دوانەکەی تر منداڵتر دیار بوو، ئەویش هەروەک ئەوان پریاسکەکەی کردەوە و گوتی: "دەی خێرا بکەن

باوکم، دەی وەرن خواردنی من خۆشترە، من حەڵوای گوڵەزەردی هەڵەبجەم هەیە" لەگەڵ نانی تیریی زۆر، کیسەیەکیشی گرت بە دەستیەوە و گوتی: "ئەم هەموو هێلکە کوڵاوەشم پێیە، دەی وەرن باوکم دەی زوو بکەن".

کوڕەکان بە جارێ شڵەژان، چونکە هەندێکیان حەزیان دەکرد شتێک بخۆن، بەتایبەت بەختیار، بەڵام هەر خۆی گرت و حەزی نەکرد و دڵی نەدەهات کە تێشووە نانی ئەم کرێکارە ماندوانە بخوات، هەروەها ئەوانی تر کەوتنە "سوپاس سوپاس بە خوا تێرین، خۆتان بیخۆن نۆشی گیانتان بێت"، بەڵام سوودی نەبوو، پیاوەکان بێ ئەوەی تیکەیەکیش نان بخەنە دەمیانەوە، گوتیان: "بە زاتی خوا ئەگەر هەر یەکەتان هەر پارووییەکی زۆر بچووکیش نەخۆن، ئێمەش ئەم نانەمان ناخۆین.

ئالان و ڕێبوار و کاوە پێش هاوڕێکانیان کەوتن و گوتیان بە خوا ناتوانین و دەبێت بڕۆین، چونکە دایک و باوک و کەسمان لە خوار ئەم شاخەوەن و ئێستا چاوەڕیمان دەکەن و نان و هەموو شتێکیان ئامادە کردووە. خەریکە درەنگیش دەبێت، ئێستا دڵیان دەکەوێتە مەراقەوە ئەگەر زوو نەگەڕینەوە.

پیاوەکان گوتیان: "قەیناکە ماشەڵڵا ئێوە منداڵ و گەنجن، ئێستا بە دوو-سێ لۆق هەنگاو دەگەنەوە لایان، بەڵام دەبێت تامی ئەم خواردنە فەقیرانەی ئێمە بکەن، ئێمە هێشتا زۆرمان ڕێگە ماوە کە ببیبڕین تا دەگەینە شوێنەکەمان.

ئاخری لەسەر داوا و پاڕانەوەی پیاوەکان کوڕەکان دەورەیان دان و یەکی پارووییەکیان بۆ کرا و خرایە دەستیانەوە و کەوتنە خواردنی، هەروەها هیواش هەر زوو چوو تەرمۆزەکەی پڕ کردەوە لە ئاو و

خستیه ناو جانتاکەیەوە، ئیتر کەوتنە سوپاس و دوعاخوازی و جیا بوونەوە لە پیاوەکان.


یەکێک لە زەلامەکان هەستایە سەر پێ و ئامۆژگاریی کردن و گوتی: "باوکەکەی من خۆتان دوا مەخەن، نەوەکو تاریکی دابێت، ئەوی تریان هەڵیدایە و گوتی: "دەڵێیت چی یەکێکمان بچین لەگەڵیان"".

کاوە و نیوەی کوڕەکان ڕازی نەبوون و گوتیان: "نە بە خوا ئاسانە، دەزانین ماڵەکانمان... ئەوەتا لەو بنە. ئێوە بڕۆن ئێستا دەگەین بە سەلامەتی.

کوڕەکان کەوتنە ڕێ، بەدەم باسی چاکەی ئەم سێ پیاوە کە چەند دڵیان گەورە بوو و چەند دڵسۆز و باش بوون، بەڵام خەریک بوو دنیاش تاریک دەبوو.

لە خواریشەوە باوک و دایک و کەسیان هاواریان پێ کەوتبوو: "کوڕەکانمان کوان؟ چییان لێ هات؟ بۆ کوێ چوون؟" دایک و باوکی هەندێکیان بەربوونە سەری یەکتری و بوو بە شەڕیان، باوک گوتی: "ماشاڵا ئاگات لە کوڕەکەت بوو؟" دایک دەیقیڕاند و دەیگوت: من خەریکی ئیش و منداڵەکانی ترم، ئەی تۆ بۆ لەوساوە هاتووی هەر خەریکی کاغەزی یاری و قاقالێدانیت، تۆ بۆ ئاگات لە کوڕەکەت نییە؟

باوکی ڕێبوار کە کارمەند بوو لە یەکێک لە فەرمانگەکانی حکومەت، دایکی ڕێبواریش مامۆستای خوێندنگەی کچان بوو، ماڵێکی تێگەیشتوو بوون، هەر وەک گوزیدە خانی دایکی هۆگری خوێندکارەکانی بوو، دەیزانی ئەو تەمەنەی وەکو ڕێبواری کوڕی (چواردە ساڵ و پازدە ساڵ) چۆن بیر دەکەنەوە و فێری زۆری ئەو ڕووداو و کردەوانەی ناو منداڵان بوو.



بۆیە گوزیدە خان بە بڕوا و دڵپێوەبوونەوە هەستایە سەر پێ و ڕووی کردە دایک و باوکە ترساو و هەڵچووەکان، ئەگەرچی خۆیشی لە دڵــدا زۆر نــاڕەحەت و ترســابوو لە دواکەوتنــی کــوڕەکەی و هاوڕێکانی، بەڵام دەیویست یارمەتیی ئەو هاوڕێ و ماڵانە بدات و ناڕەحەتییان کەم بکاتەوە.

بۆیە ئەویش بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە هەڵیدایە و گوتی: "خۆتــان نــاڕەحەت مەکەن، خــۆم لە بەزم و فیتــی ئەو شــەیتانانە شارەزام، خۆتان ئارام بکەنەوە پێش بەم تووڕەیی و هەڵچوونانەدا بگرن. بەم بەگژدا چوونەوەیەی یەکتر، هیچ شتێک ئاسان نابێت و چاک نابێتەوە. لەسەرخۆ بن با بیر بکەینەوە... بە خوا ئەزانم ئێستا ئەم شەیتانانە لە شوێنێک بۆ خۆیان دانیشتوون و باسی سینەما و فیلم و سۆپەرمان و کوڕە ئازاکە و کوڕە ترسنۆکەکە دەکەن، ئەوە من دەیانناسم...!"

دایکی ئالان لە شوینی خۆی دانیشتبوو، وەکو شتێک لە مەراقی کوڕەکەی ئەژنۆکانی توانایان نەمابوو کە هەستێت وەکو ئەوانی تر قسە بکات و بەمەلاولادا بچێت، حەلاوە خانی دایکی ئالان هەر بە بێدەنگی فرمێسکی دەهاتە خوارەوە و بە لێوێکی بێتین و لەرزۆک هەر دوعای دەکرد و لە خوا دەپارایەوە.

مێردەکەشــی کە قــادری نــاو بــوو، وەســتایەکی خــانوو و بینــا دروســتکردنی بەناوبانــگ بــوو، ئەویــش هەر دەهــات و ســەرێکی لە ژنەکەی دەدا و دڵـــی دەدایەوە، کە هـــا هەر ئەوەنـــدەیان زانـــی دەرکەوتنەوە و هاتنەوە، لە دڵی خۆیشیدا خەریک بوو دڵی بوەستێت لە مەراقی کوڕەکەیدا.

تا دەهات دنیا تاریکتر دەبوو، ئەوە ئێجگار سەری لە هەموویان شێواندبوو.

دایک و باوکی هیوای یاریکەریش ئەوە هەر یەکەم کەس بوون کە بەربوونە سەروپۆتەڵاکی یەکتر، ئەو دەیگوت: تۆ بۆ ئاگات لە کوڕەکەت نەبوو؟ ئەوی تر دەیگوت ئەی تۆ ئیشت چی بوو؟

دایک و باوکی ئاسۆ هەر لەوانە بوو بکەوێتە سالاوبردن بۆ یەکتری، ئەوەندە شەڕەکەیان توندوتیژ بوو، هەر هۆشیان بە لای هیچ کەسێکەوە نەمابوو کە عەیبە نابێت وا بکەن، نابێت قسەی وا بە یەکتر بڵێن لەبەر چاوی خەڵک و هاوڕێ و دراوسێدا، بەڵام لەتاو ئاسۆی کوڕیان کە دیار نەمابوو، دەتگوت مێشکیان داخرابوو.

ئاخری هەندێک لە باوکەکان بە کایەکدا ڕۆیشتن و هەندێکی تریان بە لایەکی ترەوە. لەبەر شپرزەیی و هەرا هەندێک ڕێبواری ئەو دەوروپشتەیان لێ کۆ بووەوە کە بەوێدا تێدەپەڕین بەرەو دێیەکانیان، ئەوانیش کەوتنە دڵدانەوە و یارمەتیدانیان.

ئیتر دنیا تاریک تاریک بووبوو. کەوتنە نزیک سەعات دە و نیو و یازدەی شەو، خوشک و کچە بچووکەکانی ئەو خێزانانە هەر کەسەی بە لایەکەوە پێکەوە دەهاتن و دەچوون، چاو بە فرمێسک و لە ترسی دیارنەبوون و نەگەڕانەوەی براکانیان ناڕەحەت و تۆقیو بوون.

هەروەها هەندێکی تریان کە دایک و باوکیان شەڕیان دەکرد لەگەڵ یەک و دەیانقیڕاند بەسەر یەکتردا، شەرمیان دەکرد و دەکەوتنە بەینی دایک و باوکیان، هەر بەوەدا دەگەیشتم بڵێن تو خوا بابە گیان وا مەکەن، تو خوا دایە گیان شەڕ مەکەن... بزانە وا هەموو سەیرتان دەکەن! ئیتر ئەو ماڵانە سەیرانیان لێ بوو بە شەڕ و ناخۆشی و ترس، وەکو هەندێکیان دەیانگوت سەیرانەکەیان لێ

بووبـوو بە ژەهـری مـار، کاشـکی هەر لە کـونی ژوورەوە بووینـایە و نەهاتینایەتە دەرەوە.

باوکی کاوە دەیقیڕاند بەسـەر دایکی کـاوەدا و دەیگوت: هەمـووی خەتای تۆ بوو، من ئەوەندە حەز لە سەیران ناکەم، من ئەوەنـدە ئیش دەکەم و ئەوەنــدە مانــدووم لە ســەعات حەوتــی بەیــانییەوە لە نــاو ئۆتۆمبێلـدا بە ڕێـگەی بەغـدا و موسـڵەوەم، خواخـوامە ڕۆژێـک پشـوو بدەم بۆ خۆم، کەمێک پاڵ بکەوم. کەچی تۆ دانانیشیت تـاوەکو هەمـوو جارێک ئاوهام بەسەر دەهێنیت.

باوکی کاوە دوو-سێ ئۆتۆمبێلی هەبوو، وەکو گەراجێکی بچووک ئیشـی پێ دەکردن و کاسـبیی پێوە دەکردن، یەکێکیشـیان هەر خـۆی لێی دەخـوڕی. بـاوکی کـاوە دەیقیڕانـد: هەمـوو جارێـک تـۆ هەر خەمـی گەڕان و سەیرانتە...

زۆرێک لە باوکەکان و ئەو کەسانەی گەیشتبوونە سەر شاخەکە و خەریکی سەرکەوتن بوون، هەریەکەیان لە لایەک و بەدەم ڕۆیشتنەوە هـاواری کوڕەکـانی دەکـرد و نـاوی دەهێنـان، بەڵام هەر هـیچ دەنـگ نەبوو، کەس دیار نەبوو.

لە دوای بەینێکـی زۆر و لەتاوانـدا، ئەمیـان بەوی تـری دەگـوت بـا بگەڕێینەوە بەشکم ئەمە خوایە ئێستا گەڕابنەوە، ئەوی تریان دەیگوت کوڕە بـاوکم هەر هیچیشـیان لـێ نەهاتبێـت ئێسـتا بەم تـاریکییە چۆن ڕێگە دەبینن و چۆن دەزانن بۆ کوێ دەچن؟ ئینجا دەیکێشا بە دەستی خۆیدا و دەیگوت: هەی هاوارم هەی! هەی هاوار خوایە گیـان فریامـان بکەویت!

ناچار پیاوەکان هەندێکیان گوێیان پێ نەدان و بە چراوە هەر سەر دەکەوتـن، ئەوانـی تـریش بە تـاریکی و قـاچ و ئەژنـۆ بەر دار و تاشـە

بەردکەوتـــن، پەلەیـــان دەکـــرد بگەڕێـــنەوە، بەشـــکم ئەمە خـــوایە گەڕابێتنەوە. هەندێک لە پیاوەکان خەریک بوون دەگەیشتنە دامێنی شاخەکە کە شادانی خوشکی هیوا قیڕاندی و وەک شێت ڕای کرد و گوتی: "خوایە بە قوربانت بم بە خوا ئەوە لایتی هیوا گیانە".

هەموو ئەوانەی ڕاوەستابوون و سەریان لێ شێوابوو، دەگریان و ڕایان دەکرد بۆ لای شادان و پەلاماریان دا و گوتیان: "ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ ئەوە ڕاست دەکەیت؟ بۆچی هیوا لایتی پێیە؟ بە قوربان... بە ساقە؟"

شادان کە دەمی گۆی نەدەکرد لە خۆشییاندا گوتی: "بە خوا ئەمە ئەوانـن و ئەوە لایتـی هیـوا گیـانە، ئەو لایـتەی هەمیشـە لە جانتـای فوتبۆلەکەیدایە و هەمیشـە پاتریی زیادەی پێیە نەوەکو پاترییەکانی تەواو بن، من لایتەکەی دەناسم ئەو لایتەکەی زۆر خۆش دەوێت و هەمیشە لە هەرە ڕووناکییە تیژەکانە".

دایکی شادان و هەموو خەڵکانی تر لێی ئاڵان و یەکێکیان گوتی: "ئۆە بە قوربانی دەمت بم" ئەوی تر گوتی: "ئۆە ڕۆڵە بە بەختی چاک بیت"، یەکێکی تر گوتی: "دە ڕابوەستن جارێ نەوەکو پیاوەکان بن، کە چوو بن خۆ ئەوانیش هێشتا نەگەڕاونەتەوە؟" یەکێکی تریان گوتی: "پیاوەکانی چی؟! ئەوان فانۆسی ئینگلیزییان پێیە، شادان دەڵێت لایت!

یەکێکی تر گوتی: "لە ڕێی خوا جارێ بێدەنگ بن بزانین چییە"، ئەمان لەو پەرۆشییەدا بوون کە دیسان شەوقی لایتەکە لە بەرزایی شاخەکە دەرکەوتەوە و دیسان ون بووەوە و نەمایەوە.

یەکێـک لە پیاوەکـان کە ڕاوەسـتابوو، بە پەرۆشـەوە سـەیری دەکـرد قیڕانـــدی: ئەرێ بە خـــوا ئەوە دێـــن بەڕێـــوە، ئەم نەمـــانی شـــەوق و دەرکەوتـنەوەیەی ئەوەیە کە ڕێـگەکە دیـارە پـێچ پـێچ و چـاڵ و چـۆڵە،

هەنـدێکیان"، گوتیـان کەواتە بـا بەرەو ئەو ڕوونـاکییە بـڕۆین و بکەویـنە فریایـان، تـا ئەو کەسـە وای گـوت دیسـان هەنـدێک بە ڕاکـردن بەرەو شاخەکە ڕۆیشتن بە هیوا و ترسـەوە: ئایا ئەمە ڕاست دەبێت، کە ئەو لایتە هیی ئەوانە یاخود هیی خەڵکی تر بن، خۆ هەر ئەوان لایتیان پێ نییە.

هەندێکی تـر دڵخۆشـیی خـۆی بەوە دەدایەوە کە دەیگـوت: نە بـابە کـچەکەی گـوتی ڕوونـاکیی لایـتەکە دەناسـێت، چـونکە وەکـو ڕەحـمە خانی دایکی گوتی ئەم لایتە تـایبەتە و خزمێکیـان ئەو سـاڵە لە بەسـڕە کڕیبووی، چەند ساڵە هەڵیانگرتووە و هەر بیریشـیان نەمـابوو، کەچـی ئەو جارە ژووریان دەگواستەوە هیوا چاوی پێی کەوتبوو و پڕی پێدا کـرد و گـوتی: "ئەم شـتە جوانەتـان لە کـوێ بـوو؟ وەڵا ئەمە بـۆ مـنە." ئیتر بەردەوام لە جانتاکەیدایە و زۆری حەز لێیە.

بەدەم ئەم قسـانەوە خەریـک بـوون زۆر بەرز دەبـوونەوە، کـوڕە هاوڕێکانیش خەریک بوون سـەریان لـێ دەشـێوا و ڕێگەیـان لـێ گـوم بووبوو، بەتایبەتی کە دنیا تاریک بووبوو.

ئاسـۆ زۆر دەترسا و زووزوو هاواری لێ هەڵدەسا و ئەیگـوت: "بە خـوا ئێسـتا گورگێکمـان بـۆ دەردەکەوێت"، ئاسـۆ دیـار بـوو ئەم جـارە زۆرتر ترسابوو، بەتایبەتی لەم شاخە بەرزە هەزاربەهەزارە ڕێگە ون بکەن، چونکە شەو تاریکە و کەس کەس نابینێت.

هەموویـان هەر ئـافەرینی هیوایـان دەکـرد کە ئەم لایـتە تیـژ و ڕووناکەی پێ بوو، ئەگەرچی لایتەکەی درێژکۆڵەیەکی بـاریکیش بـوو، بەڵام قـورس بـوو، یەکێکـیش بـوو لە چاکەکـان، بـۆ ئەوەش بە کـار دەهـات ئەگەر خـاوەنەکەی تووشـی پەلامـار و شـەڕێک بـوو، بتوانێت بەو لایتە بەرگـری لە خـۆی بکـات هەروەکـو تـێڵا و دارکـوتەک، بەڵام درێژیی لایتەکە بست و نیوێک دەبوو.

هیوا چونکە لایت و ڕووناکیی پێ بوو، ئاسۆ قۆڵی گرتبوو و لەگەڵی دەڕۆیشت، بەدەم هاوار و بۆڵەبۆڵەوە، کاوەش بە توندی دەچوو بە گژ هەموویاندا و دەیگوت: "پێمان گوتن با بڕۆین و نەوەستین، ئەو پیاوە فەقیرانەش چەند ڕێنمایی و ئامۆژگارییان کردین کەچی ئێوە هەر بەردێکتان دەبینی نیو سەعاتێک بە دیارییەوە ڕادەوەستان و خۆتان دەکرد بە کوڕە ئازاکەی فیلمی هیندی".

ئالانیش بۆی ئەسەندەوە و دەیگوت: "هەمووی قەیناکە، ئەو هەموو کاتە بە دیار ئەو شاخە بەرداوییەی بووبوو بە دوو لەتەوە، تو خوا چەند بە دیارییەوە ڕاوستان؟ هیچیش نامکوژێت دەتانویست بچنە سەری و سبەینێ تەناف و گوریس بهێنن و بە پەت و گوریس سەر بکەونە سەرەوە و وەک سۆپەرمان بەسەریدا خۆتان هەڵبدەن بۆ لایەکەی تری، تو خوا ئەمە قسەیە و ئەمە حاڵە؟ خوا دەزانێت ئێستا باوک و دایک و کەسمان چی دەکەن؟"

ڕێبوار زۆر ناڕەحەت و ترسا بوو، ئامۆژگاری و کوێخایەتی نەمابوو، بۆیە بەدەم ڕۆیشتنەوە دەیگوت: "جارێ وەختی ئەم قسانە نییە، با ئەوەندەی تر سەر لە خۆمان نەشێوێنین".

خۆ بەختیار نە نەوسی لەبیر مابوو، نە نان و نە قوبڵیی دایکی لە بیر مابوو، لەوە زیاتر کە دەیگوت تو خوا بە قوربانتان بم دەستی یەکتر بگرن با نەکەوین، تو خوا دەبێت چی بکەین؟ ئەوان لەم قسە و مشتومڕانەدا بوون کە بروسکە بالآبەرز ڕاپەڕیی و قیڕاندی و گوتی: "بێدەنگ بن، گوێتان لێ نییە؟" زۆربەیان ترسان و گوتیان: "چییە چییە؟ دەنگی چییە بۆ خاتری خوا؟" بروسک بە تووڕەبوونەوە گوتی: "کوڕە دە ئێوە بێدەنگ بن ئەوەتا گوێم لە دەنگێک بوو وەکو بانگمان بکەن.

هەموو وەک بتیان لێ هات و بێدەنگ بوون، لە شوێنی خۆیان ڕاوستابوون، لەپڕ دەنگەکە هاتەوە کە دەیقیڕاند و هاواری دەکرد: "بەختیار، کاوە، ئالان، کوڕینە هەرچەندە دەنگەکە زۆر دوور بوو، بەڵام لە خۆشییاندا هەموویان بە جارێک کەوتنە هاوار: ئەوەتا ئێمە لێرەین ڕێگەمان ون کردووە".

هیواش کەوتە لایت سوڕاندن بەملاولادا، جارێک ڕووی دەکردە پشتەوە جاریکی دیکە ڕووی دەکردە دەستەڕاست و چەپ و سەر و خوار، ئیتر کوڕەکان دڵیان خۆش بوو، هەر بە دەنگی بەرز بەرز بانگیان دەکردن.

پیاوەکانیش چرایەکی دەستی ئینگلیزییان پێ بوو، ئیتر وردە وردە لەسەر دەنگی یەکتری و بەرەو دەنگەکان چوون و بە ڕووناکیی لایتەکەی هیوا ئەوەندەیان نەما کە بگەنە یەک.

سەعات نزیک دوازدەی شەو بوو، پیاوەکان گەیشتن، هەموو ماندوو و ترساو، دەموچاو و لەش ئارەقاوی، هۆشیان لای خۆیان نەمابوو لەبەر کوڕەکانیان، ئەو پیاو و باوکانەی کە نەهاتبوون، چووبوون بە لایەکی تردا بگەڕێن و یەک-دوانێک لەو باوکانە نەخۆشیی وایان هەبوو کە نەیاندەتوانی سەر شاخ بکەون و بۆ ماوەیەکی زۆر ماندوو ببن.

پیاوەکان گەیشتن و بە تاریکی و لەبەر شەوقی ئەو لایتە بچووکە و چراکەی دەستیان پەلاماری کوڕەکانیان دا، وایان بەسەر هاتبوو هەر پەلاماری کوڕەکانیان دەدا بێ ئەوەی بزانن کامیان کوڕی کامیانە و هیچ بیر و جیاوازییان لا نەمابوو، تەنها هەر ئەوەیان لە هۆش و هەستدا بوو کە تەنها گوێیان لە دەنگیان بێت و بزانن کە دۆزرانەوە و سەلامەتن.

له دوای ئەوەی هـاتنەوە سـەر خۆیـان، ئیتـر هەموویـان بە کـۆمەڵ پێشکەوتن. قسە و بۆڵە و گلەیی و ترس و خۆشی... هەمووی تێکەڵـی یەک بووبـوون. پیاوەکـان دەسـتی کوڕەکانیـان گرتبـوو، لە نـاو ئەو پیاوانەشدا: باوکی ئاسۆ، باوکی بروسک، باوکی ڕێبوار، باوکی هیـوا هەبوو، بەڵام باوکی ئالان و کاوە و بەختیاریان لەگەڵدا نەبوو، ئەوان لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکانی دەوروپشتیان بە لایەکی تردا چووبوون.

له خواریشـــەوە ژنەکـــان و دایکەکـــان ئاهیـــان بەبەردا هـــاتەوە، کـاتێکیش ڕوونـاکیی چراکەشـیان بینـی لەگەڵ ڕوونـاکیی لایـتەکە ئەوانیش قـڕە و هەرایـان تێکەوتبـوو لە خۆشـییاندا، دایکـی وا هەبـوو هەر دەگریا لە خۆشییاندا.

پیاوەکانی تریش کە بە لایەکی تردا چووبوون، یەکێک لە ڕێبوارەکانی نزیک ئەو شوێنە هاواری لێ کردبوون بگەڕێنەوە کوڕەکان سـەلامەتن و دۆزرانەوە، ئەوانـــیش بە پەلە گەڕابـــوونەوە. ئەگەرچـــی یەک-دوو کەسیشیان ناردبوو بۆ ناو شار تا هەواڵ بە حکومەت و پۆلیس بدەن بۆ ئەوەی ئەوانیش هێز بنێرن و بۆیان بگەڕێن.

کوڕەکـان و پیاوەکـان هەمـوو گەیشـتن بە یەک و هەر گریـان و بە قوربـــان و بە ســـاقە و دەســـتلەملان بـــوو. بـــاوک و دایکەکـــان نە هەڕەشەیان لە بیر مابوو، نە شەڕوشۆڕیان لە بیر مـابوو، لە خۆشـیی ئەو کوڕە هاوڕێ شەیتانە پاڵەوانانەیان.

هیی وایان هەبوو دەیگوت هەر کوڕەکەم ببینم خـوا دەزانێت چـی بەسەر دەهێنم، تا نەخەڵەتابێت جارێکی تر وا بکات، هەڕەشەی زۆری لـێ دەکـرد کە لێـی بـدات و وای لـێ بکـات، ئەوە دیـارە کە هێشـتا نەبووبـوو بە شـەو، بەڵام کە دنیـا تاریـک بـوو، لە ترسـی کوڕەکانیـان ئیتر وەک بێهۆشیان لێ هاتبوو.

کوڕەکانیش لە خۆشییاندا بڕوایان نەدەکرد گەیشتوونەتە لای دایک و باوک و کەسیان، بگرە ماڵی وا هەبوو هەر بەو شەوە درەنگە (چونکە ئۆتۆمبێلی خۆیانیان پێ بوو) خۆیان کۆ کردەوە تا بڕۆنەوە و بگەڕێنەوە، بەڵام لە دواییدا پەشیمان بوونەوە و هەموویان لە خۆشییان دا بڕیاریان دا سبەینێ بیکەن بە خۆشی و هەڵپەڕکێ و زەماوەند.

هاوڕێکانیش فێر بوون لەمەودوا کاری هەڵەشە نەکەن و ژیانی خۆیان نەخەنە مەترسییەوە و دایک و باوک و کەسیشیان تووشی ئەو هەموو ناڕەحەتی و ئازار و خەفەتە نەکەن و کارێکیان کرد بە چاکی بیری لێ بکەنەوە، تاوەکو تووشی ڕووداوی نالەباری وا نەبن و بە خۆشی و سەربەرزی بژین و هەمیشە سەرکەوتوو بن لە ژیانیاندا.

هەروەها بە هیچ شێوەیەک لاسایی فێڵ و درۆی سینەما نەکەنەوە، چونکە ئەوانە بۆ ڕابواردنی خەڵک بە فێڵی سینەما خۆیان وا دەنوێنن ئەگینا لەڕاستیدا کێ دەتوانێت لەم شاخەوە خۆی هەڵداتە سەر ئەو شاخە و لەم سەربان بۆ ئەو سەربان باز بدات، یاخود تەقە لە یەک بکەن و خوێن بڕێژن، ئەمە هەمووی فێڵی سینەمایە، ئەگینا کێ دەتوانێت خەڵک بداتە بەر دەستڕێژ وەکو لە پێشەوە گوتم خۆ شاری بێخاوەن نییە و ئەو کەسەی وای کرد هەر گورج دەگیرێت و دەخرێتە بەندینخانەوە.

مرۆڤی بەهۆش و ئاقڵ و زیرەک، حەز لە شەڕ و خوێنڕشتن ناکات و حەز لە ئاشتی دەکات، حەز دەکات هۆش و ئەقڵ و زیرەکیی خۆی لە کاری باشدا دەربخات و لە خوێندن و پێشکەوتندا ببێت بە نموونە و هەموو دەستی بۆ ڕابکێشن و بڵێن: هەی بژی هەزار جار بژی.

**شەوی ٢٥-٢٦/٥/٢٠٠٧**